گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue s5 2024
ID No.2957 (PP 179-199)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.s5.13

توێژینەوە

# چەمکی خەم لە نێوان دەروونناسی و سۆفیگەریدا بە نموونەی شیعرەکانی صافی هیرانی
## توێژینەوەیەکی (دەروونناسیی سۆفیگەری)یە

**سازان جوهر حمەغریب/** بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**سومەیە نەجیب خەلیل/** بەشی کیمیا و پیترۆکیمیا، کۆلێژی ئەندازیاری، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەت پەیوەندییەکی تۆکمەیان بە دەروونی مرۆڤەوە هەیە. خەمیش وەکو دیاردەیەکی مرۆیی کە ڕەگ و ریشەی لە ناخی مرۆڤدا هەیە و زۆرجار بە هۆکاری پاڵنەری لەدایکبوونی دەقی شیعری ناسراوە، و بەدرێژایی مێژوو لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە تیشک بخرێتەسەر جیاوازی چەمکی خەم لە ڕوانگەی جیهانبینی و ئەزموونی کەسی 'صافی هیرانی' بە پشتبەستن بە هەردوو زانستی دەروونناسی و سۆفیگەری، چونکە کاتێک خەم پەیوەندی بە دونیاوە هەیە جیاوازە و لەو کاتەدا شاعیر خۆی لە پێوەری کاتی و شوێنی جیهانی ماددی ڕەها دەکات، ئەوکات هەموو خەم و پەژارەی ڕەنگ و بۆی دیکە لەخۆدەگرێت. لەمەوە دەردەکەوێت کە بۆچی سەرانسەری دیوانەکەی 'صافی هیرانی' دیاردەی خەم و پەژارە و ئێش وئازارە.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەر پێکهاتوە؛ لە تەوەری یەکەمدا بە پوختی ئاماژە بە چەمک و پێناسەی خەم کراوە لە ڕوانگەی زانا دەروونناس و گەورە عاریف و سۆفییەکاندا، دواتریش ئاماژە بە پەیوەندی نێوان دەروونناسی و سۆفیگەری کراوە. لە تەوەری دووەمدا هەوڵدراوە ڕەنگدانەوەی چەمکی خەم لە ڕوانگەی دەروونناسی لە دیوانی صافی هیرانی بخرێتەڕوو. لە کۆتا تەوەریشدا ڕەنگدانەوەی چەمکی خەم لە شیعرە سۆفیانەکانی شاعیردا خراوەتەڕوو. لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

CORRESPONDENCE
**سازان جوهر حمەغریب**
sazan.hamaghareb@su.edu.krd

| | |
|---|---|
| پەسندکردن | 2024/10/13 |
| بڵاوکردنەوە | 2024/10/15 |

**وشە سەرەکییەکان:**
خەم،
صافی هیرانی،
دەروونناسی،
سۆفیگەری.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی:**

دەروون و ناخ و هزری مرۆڤ پێکەو سەکۆی گرمۆڵەبوون و ئاوێتەبوونی گەلێک دۆخ و کێشەی فرە جەمسەرن، کە دوور و نزیک کاریگەریان لەسەر گوفتار و ڕەفتاری مرۆڤدا دەردەکەوێت. لە گرنگترینی ئەو دەرهاویشتە دەروونی و ڕوحیانەش دیاردەی خەمە، چونکە کاتێک کە مرۆڤ سەرقاڵی حەزو خولیا دونیاییەکان و شێوازە نوێیەکانی ژیانکردن دەبێت، ئیتر ناپرژێتەسەر بایەخدان بە لایەنی ناوەوەی. واتا ئەم سەرقاڵبوونەی بەلایەنی دەرەوەی وای لێدەکات کە دەروون و ناخی لە پەراوێزدا بن، بەمەش مرۆڤ گیرۆدەی چەندین کێشەی دەروونی و خەم و پەژارە دەبێت. بێگومان کۆی کێشە دەروونییەکان هۆکارن بۆ ماندووبوونی ڕوح.

دەروونناسی نوێ جوڵەی بە ئاراستەی سۆفیگەرییەو هەوڵیداوە بەهاوکاری سۆفیگەری هەنگاوی گەورە بەرەو قوڵاییەکانی دەروونی مرۆڤدا بنێن و بگەنە ئەو شوێنانەی کە هەرگیز پێشتر دەروونناسی پەی پێ نەبردووە.  بۆیە لە ئێستادا دەروونناسی سۆفیگەری زانستێکی سەردەمیانەیە و بۆ چارەسەرکردنی دۆخە قورسەکانی دەروون بەکاردێت، چونکە سۆفیگەری لە دەروونناسی قوڵترەو لەو جێگایەی کە دەروونناسی دەوەستێت سۆفیگەری بەردەوامی دەبێت، بەهۆی دەروونناسی و سۆفیگەرییەوە دەکرێت سەرجەم کۆسپە دەروونییەکان و پەردە ڕوحییەکان لەناوببرێن و مرۆڤ بگەیەنە پلەی خودناسی و خوداناسی.

ئەم جوڵەیە پێویستی بە دووباڵی دەروونناسی و سۆفیگەری هەیە. واتا مرۆڤ پێویستی بە جیهانبینی و ئەندێشەی هەمەلایەنە بینی و وەڵامدانەوەی پرسە دەروونییەکان هەیە، عەقڵ و دڵ هەردووک لەجێی خۆیاندا کارسازن.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە: ئەگەرچی توێژینەوە و کاری ئەکادیمی لەبارەی هەریەک لە دەروونناسی و سۆفیگەرییەوە کراون، بەڵام هەوڵی کۆکردنەوەی ئەم دووبابەتە لە توێژینەوەکاندا بەرچاوناکەوێت. هۆکاری دووەمیش خودی بابەتی خەمە کە پێگەی تایبەتی لە شیعری کوردی بەگشتی و شیعری کلاسیک بەتایبەت هەیە، چونکە بابەتێکی نێوەندگیرە لەنێوان هەردوو زانستەکەدا. لەهەمان کاتیشدا تایبەتمەندی ژیانی ڕۆشنبیری شاعیرانی کلاسیکی زەمینەخۆشکەرن بۆبابەتەکە، چونکە شاعیرێکی وەکو صافی هیرانی کە وێڕای شاعیر بوونی دەرچووی حوجرە و مزگەوتە و شارەزاییەکی تەواوی لە بواری سۆفیگەریدا هەیە. لێرەدا چەمکی خەم لای صافی هیرانی تێکەڵەیەکە لە دەرکەوتەی دەروونی و سۆفیگەری. بۆیە پێویستە جیاکاری لە چۆنیەتی مەزراندنیدا بخرێتەڕوو.

میتۆدی توێژینەوە: لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی میتۆدی دەروونناسی سۆفیگەری کراوە و چەمکی خەم لەم ڕووەوە لێکدانەوەی بۆ کراوە.

گیروگرفتی توێژینەوە: گرنگترین گرفتی بەردەم ئەم توێژینەوەمان فراوانی بابەتەکە و سنووردارنەبوونی لاپەڕەکانی باسێکی زانستی بوو، چونکە هەم شیعرەکانی صافی دەریایەکن بۆ لێکدانەوەو هەڵگری چەمکی جۆراوجۆری دەروونناسی و سۆفیگەری، هەمیش هەردوو زانستەکە خۆیان فراوانن و باس و خواسی زۆر هەڵدەگرن.

سنووری توێژینەوە: لەم تۆێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بۆ گەیشتن بەمەبەست و ئامانجی سەرەکی باسەکە سوود لەشیعرە فارسی و کوردییەکان  لەدیوانی صافی وەربگیرێت.

پلانی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە:

لە تەوەرەی یەکەمدا هەوڵدراوە چەمک و پێناسەی خەم لە ڕوانگەی هەریەک لە دەروونناسی و سۆفیگەرییەوە بکرێت و لەهەمان کاتیشدا هاوبەشی و جیاوازییەکانی نێوانیان لەبارەی چەمکی خەمەوە خراوەتەڕوو. دواتریش تیشک خراوەتە سەر بابەتی دەروونناسی سۆفیگەری و کارو دەرەنجامەکانیان لەبارەی بابەتی خەمەوە ڕونکراوەتەوە، پاشان باسی پرۆسەی نەهێشتنی خەم و بەدەستهێنانی خۆشبەختی لە ڕوانگەی ڕێبازی دەروونناسی سۆفیگەری کراوە.

لە تەوەری دووەمدا شیعرەکانی صافی لەڕوانگەی دەروونناسیەوە هەڵسەنگێنراوەو ئەو لێکەوتە دەروونیانە دەست نیشان کراوە کە بەهۆی هەڵچوونی دەروونی خەمەوە لە شیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە، پاشان هەوڵدراوە شیعرەکانی صافی بەپێی ڕێبازی دەروونناسی سۆفیگەری لێکبدرێتەوەو پراکتیزەبوونی ئەم ڕێبازە لە دیوانەکەی صافی بەدیاربخرێت.

لە تەوەرەی سێیەمیشدا بەشێوەی پراکتیکی ئاماژە بەبابەتی خەم کراوە لە شیعرەکانی صافی هیرانیدا؛ شاعیر بەگشتی دووجۆرە خەمی سۆفیانەی لە شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە، ئەوانیش خەمی پەسەند و خەمی ناپەسەندە. خەمی پەسەند تایبەتە بە بابەتە سۆفیگەرییە قوڵەکانی وەکو عیشقی ئیلاهی و خەمی دابڕانی ڕوحی مرۆڤ لە کەمالیات و هەوڵدان بۆگێڕانەوەی ئەو کەماڵە لەدەستچووە. هەرچی خەمی ناپەسەندیشە تایبەتە بە نەفس و بابەتە دونیاییەکان کە چۆن بوونەتە بەربەست لە بەردەم ئازادبوونی ڕوح و لە هەمان کاتیشدا هۆکاری شەرمەزارین لە ڕۆژی دوایی لەکاتی وەرگرتنی کتێبی کردەوەکان. صافی هیرانی وەکو شارەزایەکی ئەم بوارە چارەسەریشی بۆ هەریەکە لەو جۆرە خەمانە خستووەتەڕوو.

لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

### 1.چەمکی خەم لە ڕوانگەی دەروونناسی و سۆفیگەریی

#### 1.1 چەمک و پێناسەی خەم لە ڕوانگەی دەروونناسان و عاریفانەوە

مرۆڤ پێکهاتەیەکی هەست و سۆز و ژیرییە، ئەوەی مرۆڤ دەهەژێنێت و کاریگەری لەسەر دەروون و هەڵچوونەکانی دروست دەکات، هەست و سۆزی مرۆڤ لێی بەرپرسە، خەمیش یەکێکە لەو هەڵچوونە دەروونیانەی، کە لە سەرەتای بوونەوە وەکو سێبەر و هاوڕێیەکی دانەبڕاو لەگەڵیدا بووەو ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر گوفتار و ڕەفتاری هەبووە، لەبەرئەوەی سروشتی مرۆڤایەتی هەموو کات لە بارودۆخێکی جێگیر نابێت و ژیان پڕە لە هەڵچوون و داچوون و بەربەست و ناخۆشی ونەگەیشتن بەویست و حەز و ئارەزوو، کە ئەمانەش بارودۆخێکی نەخوازراو لای مرۆڤ دروست دەکەن و قورسایی دەخەنە سەر هەست و نەستی و بەشێوەیەک تەنگی پێ هەڵدەچنن، کە مرۆڤ زۆر جار بە دوای دەرچەیەک و دەروازەیەکدا دەگەڕێت تا ئەو ئازار و قورساییە لەسەر خۆی سووک بکات، هیچ نەبێت ئارامیەک بە دەروونی شەکەتی ببەخشێت.

چەمکی خەم لە سۆفیگەریدا لە زاراوەی 'حزن' ی عەرەبیەوە هاتووە. 'حُزْن و حَزَن' لەزماندا بەمانای زەوی سەخت و ناهەمواردێت. بەڵام ئەم زاراوەیە لە سۆفیگەری و عیرفاندا بەمانای خەمێک دێت کە دێتە ڕێگای سالیک. هەروەها بەمانای سەختی و کرژی کە لە نەفسدا سەرهەڵدەدات، بەو پێیەش بەمانای هەمەر و خەمێکی توندە (إبن منظور: 1310هـ)، کە بەهۆی ڕوودانی بابەتێکی ناخۆشە، یان لەدەستدان و ونبوونی خۆشەویستێکەوە پەیدادەبێت (جرجانی: 1991، ص100)، ئەوەش جۆرێکە لە هەڵچوونی دەروونی کەسی سالیک.

بۆ گوزارشتکردن لەم هەڵچوونە دەروونییە زۆر ڕێگا و بیروڕا دەربڕاون، کە هەندێکیان تایبەتن بە ڕابەرانی دەروونناسی خۆیان و لە ڕوانگەی زانستی دەروونەوە پێناسە کراون. بەشێکی دیکەی لە پێناسەکانیش تایبەتن بە ڕوانگەی سۆفیگەری کە لەلایەن ڕابەرانی سۆفیگەرییەوە تیشکیان خراوەتەسەر. لێرەدا بەپێی پێویست بەشێک لە هەردوو شێوازە پێناسەکان و هاوبەشی و جیاوازیان دەخرێنەڕوو:

لە فەرهەنگی دەروونناسیدا بەم شێوەیە پێناسەی خەم کراوە: ((حاڵەتێکی سۆزدارییە پەیوەندی بە دڵ تەنگییەوە هەیە، کە ڕێژەکەی لەکەمیەوە بەرەو توندتر دەڕوات، زیاتریش لەوکاتەدا ڕوودەدات کە مرۆڤ شتێکی بەنرخ لەدەست دەدات)) (dictionery.apa.org)، بە پێچەوانەشەوە زۆرجار حاڵەتەکانی خەم لە توندیەوە بەپێی ڕۆژگار بەرەو کەمبوون و کاڵ بوونەوە دەڕۆن، لەسۆفیگەریشدا هەمان بابەت بەدیدەکرێت، واتە زاراوەی خەم پەیوەستکراوە بەلەدەستدان وبەدی نەهاتن، وەکو لەفەرهەنگی زاراوەی سۆفیگەریدا هاتووە: ((خەم لای ڕێبوار ئەفسوس و پەژارەیەکە سەبارەت بە ئەوەی لەدەست چووە و ئەوەی کە نەبووەتە ڕاستی، یاخود توانای بەدیهاتنی نەبووە)) (سجادی: 1378، ص317). بێگومان لای سۆفی ئەوەی لەدەست چووە کەمالی مرۆڤە و ئەوەی توانای بەدەستهێنانی ئەستەمە گەڕاندنەوەی ئەو کەمالەیە.

جێی باسە خەم بەخاڵی هاوبەشی هەردوو زانستەکە هەژماردەکرێت، بەڵام هەرزانستەو لەدیدی تایبەتی خۆیەوە ڕوانیویەتییە بابەتەکەو دەرەنجامەکەی، چونکە لەدەروونناسیدا ((خەم یان دڵتەنگی دەرئەنجامی هەست کردنە بە ناهاوسەنگی دەروونی لەنێوان خود و واقیعی دەرەوە، کە بەهۆی شکست خواردن لەبەدیهێنانی لایەنە نموونەییەکانی خود لەواقیعدا، ئەمەش دەبێتە هۆی نامۆیی ڕوحی و نقوم بوون لە بیرکردنەوە)) (تریعە: 2019، ص25). کەچی دەرەنجامی خەم لە سۆفیگەریدا (( ... یەکێکە لە چۆنیەتی هەڵچوونی دەروونی، کە دەرەنجامەکەی جووڵەی ڕوحە بۆ ناوەوە بەشێوی هەنگاو بەهەنگاو، یاخود دروستبوونی 'قبض'ە بەهۆی ڕووداوی خراپ یان مردنی ئازیزێک)) (سجادی، 1378، ص317).

واتا لێرەدا ئاراستەکانیان جیاوازە، چونکە لە دەروونناسیدا خەم دەبێتە هۆی نامۆیی ڕوح، کەچی لە سۆفیگەریدا خەم هۆکاری دۆزینەوەی ڕوحە. هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە لە دەروونناسیدا خەم هۆکارە بۆ بێئاگایی کەسی دەروون نائارام، کەچی لەسۆفیگەریدا ((حاڵەتێکە دڵ کرژ دەکات لەجیابوونەوە لە دۆڵەکانی بێئاگایی)) (قوشەیری: 2016، ل275)، واتا هۆکارێکە بۆ بەئاگاهاتنی ڕوح لە دۆڵە تاریک و قوڵەکانی دەروونددا.

هەروەها لە دەروونناسیدا خەم دۆخێکی نەرێنی لە دەروونی مرۆڤدا دروست دەکات، چونکە لە پێناسەیەکیدا هاتوە: ((هەڵچوونە یان هەست دەربڕینە، بەڵام هەڵچوونێکی نەرێنیە وەکو ترس و بێ ئومێد بوون و ڕق لێ بوون و تۆڵەسەندنەوە .... هتد)) (العیسوي: 2006، ص38). بۆیە کاریگەری نەرێنیش لەسەر مرۆڤ دەبێت، چونکە هەر هەڵچوونێکی نەرێنیش ،کەناهاوسەنگی دەروونی لەلای خاوەنەکەی دروست کرد، لێکەوتەی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە و ((کار لە دەروون و هەڵسوکەوت و ڕەوشتی مرۆڤ دەکات، زۆر جاریش بە ئاشکرا لەسەر ڕووی مرۆڤ بە بێزاری و بێ خولقی دەبینرێت و هەستی پێ دەکرێت، وەک زەرد بوون یان ڕەش هەڵگەڕان

و بزرکانی پێستی دەمر و چاو، یان نەمانی ئارەزووی خواردن و کەمر بوونەوەی خەو، بەڵامر ئەمر حاڵەتانەش کاتیین و پاش ماوەیەک دەڕەوێنەوە و دەچنە سروشتی خۆیان)) (محەمەد: 2012، ل60). هەرچەندە لە سۆفیگەریدا کاریگەری و کاردانەوەی بابەتەکە جیاوازە، کەچی زۆرینەی ئەمر خەسڵەتانەی ،کە وەکو دەرەنجامی کاریگەری خەمر لە دەروونناسیدا ئاماژەی پێکراوە لای سالیکیش بەدیدەکرێت.

بە پێچەوانەی دەروونناسی خەمر لەسۆفیگەریدا دۆخێکی تەواو ئەرێنییە، بەجۆرێک کە قوشەیری ((خەمر لە خەسڵەتەکانی ئەهلی سلوک دادەنێت)) (قوشەیری: 2016، ل275). بۆیە خەمر لەسۆفیگەریدا پلەیەکی گرنگ و تایبەتە ومەرجە سالیک پێدا تێپەڕبێت، چونکە ((خاوەنی حوزن بەمانگێک ئەوەندە ڕێگەیەی خوا دەبڕێت کەکەسی بێ حوزن بەچەندین ساڵ نایبڕێت)) (قوشەیری: 2016، ل275). لای سۆفی خەمر خەڵاتی پەروەردگارەو وەکو بابەتێکی پیرۆز مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بۆیە هەرگیز سۆفی هەوڵی چارەسەرو لەناوبردنی کرژی 'قبض' نادات، بەڵکو خۆی لەگەڵیدا دەگونجێنێت. کەچی لە دەروونناسیدا کەسی دەروون ئارامر زۆرجار سەردانی کلینیکی پزیشکی دەروونی دەکەن بۆ چارەسەر کردن و لابردنی دۆخەکە، چونکە ((دەروونی مرۆڤایەتی بە خەمر ماندوو دەبێت وەکو چۆن بە زەوییەکی ڕەق ماندوو دەبێت، کە تێیدا کارکردن زەحمەتە و مرۆڤ لە بەرامبەر ڕەقیەکە لاواز دەبێت، لەبەر ئەوەی زەوی خۆی گرژ دەکات بەهۆی پتەوییەکەی، دەروونیش ئازار دەکێشێ بە هۆی ئاسانی و نەرمییەکەی، کاتێک خەمر بە هەموو قورساییەکانی دایدەپۆشێ)) (ئاکرەیی: 2001، ص5). واتا لە دەروونناسیدا دۆخی خەمر دەروون ماندوو دەکات و بەپێی تێپەڕبوونی کات ئەوخەمە شوێنەواری نەرێنی لەسەر دەروونی مرۆڤ بەجێدەهێڵێت، تەنانەت جاری واهەیە مرۆڤ بەرگەی ناگرێت و هەوڵی خۆ کوژی دەدات. بەڵامر لەسۆفیگەریدا هەرچەندە دەروونی سالێک بەخەمر ماندوو دەبێت و دوچاری دۆخی کرژ 'قبض' دەبێت بەڵامر دواتر وەکو خەڵاتێک بۆ ئەو بەرگەگرتن و ئارامر گرتنەی سۆفی دەکەوێتە دۆخی کرانەوە 'بسط' ، بۆیە سالیک بەرگەی هەموو ئازارەکانی خەمر دەگرێت.

لەکۆی ئەوانەی کە باسکرا دەردەکەوێت خەمر یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی دەروونی مرۆڤ، هیچ مرۆڤێکیش نیە هەستی بەمر هەڵچوونە دەروونیە نەکردبێ تەنانەت لەلای ئەوانەی کە ژیانیشیان پڕە لە خۆشی و کامەرانی وەکو یۆنگ دەڵێت ((ژیانی خۆشبەختی و بەختەوەریش خاڵی نیە لە قەدەری تاریک، بۆیە خۆشی مانای خۆی لە دەست دەدات ئەگەر هاوسەنگ نەکرێت لەگەڵ خەمر)) (Jung: 1977, p451). لێرەدایە سۆفیگەری وەکو تەواوکەری دەروونناسی کاردەکات لە پرۆسەی چارەسەری دەروونیدا و ئامانجی هاوبەشی نێوان دەروونناسی و سۆفیگەریش ناسینی مرۆڤە. بۆیە لەمر کۆتاییانەدا ((دەروونناسی نوێ هەنگاوی بنچینەییان بەرەو سۆفیگەری و عیرفان ناوە و پەیبان بە پێگەی مرۆڤ بردووە)) (افراسیاب پور: 1389، ص56)، دواتر ئەمر نزیکییە بووە هۆی سەرهەڵدانی دەروونناسی سۆفیگەری، کە تێیدا ((بایەخی یەکەمر بۆ نائاگایی مرۆڤە و ... ئارامی و گونجان و ژیانی ئاشتەوایی لەگەڵ خەڵکیدا ئامانجی سەرەکی دەروونناسی و سۆفیگەرییە)) (افراسیاب پور،1389،ص65).

جێی باسە بەشێکی دیکەی ڕوانین و پێناسەکانی خەمر لە ڕوانگەی پەیوەندی دەروونناسی بە ئەدەبەوە کراوە، کە لێرەدا شاعیر و نووسەران جیا لە مرۆڤی ئاسایی کەسانی زۆر بەتوانا لێیان دەڕوانرێ ،چونکە دەتوانن بەرهەمەکانیان بکەن بە دەروازەیەک بۆ خاڵی کردنەوە و گوزارشت کردن لەگرێ دەروونییەکان  و دامرکانەوەی ئەو هەڵچوونە قورس و بە ئازاری دڵ و دەروون و بیریانی تەنیوە و ژیانی لێکردوون بە نیمچە دۆزەخێک، هەر بۆیە دەقی ئەدەبی بە گشتی و شیعر بە تایبەتی ((لە ئەنجامی هەڵچوون و تەنگژە و ناوروذخ و ئەو ئازارە دەروونیانە بەرهەمر هاتووە، کە شاعیر پێدا تێپەڕ بووە، ئەمەش وای کردووە ببێتە پاڵنەرێک بۆ وێناکردنی وێنەیەکی ڕاستگۆیانە لە ویژدان و تەنگ پێهەڵچنینەکانی خودی شاعیر لەناو دەقدا)) (أمین: 2023، ص27). واتەکاری ئەدەبی مەیدانێکە تا نووسەر و شاعیران باری دەروونی خۆیانی تێدا دابڕێژن، لەگەڵ خوێنەر و بیسەرانیان هاوبەشی پێ بکەن و لەمر نێوەندەشدا هەڵچوونی دەروونی خەمیش یەکێکە لەو پاڵنەر و هۆکارانەی یارمەتی خاوەنەکەیەتی بۆ لە دایک بوونی بەرهەمر و داهێنانی ئەدەبی، چونکە وەکو باسکرا ((زۆر جار شاعیر بۆ حەوانەوەی دەروونی و خەمڕەوێنی و هەڵاتن لەکێشە و گرفتەکانی خۆی و کۆمەڵەکەی، ڕوو دەکاتە جیهانە تایبەتەکەی خۆی، بەهۆی شیعرەوە خەمر و پەژارەکانی دەردەکات و دەری دەبڕێت، یان خەمر پەژارەکانی دەکاتە لاوە و سەرقاڵی هونەرەکەی دەبێت)) (محەمەد:2012 ل64).

کەواتە دەتوانین بڵێین داهێنانە ئەدەبیەکان زۆر جار خۆیان لە ئەنجامی باری دەروونییەکانی نەخوازراو هاتوونەتە بوون کەچی لە هەمان کاتیشدا بە پێچەوانە لە زۆربەی کاتیش دەبن بە خەمر ڕەوێن و هێورکەرەوەیەک کە بەهۆیەوە مرۆڤ خۆی لە بیر دەکات، وەکو یەکێک لە نووسەرەکان دەڵێت ((شیعر وەکو مەی وایە)) (فرحان: 2012، ص155)، واتا چۆن بەمەی مرۆڤ لە جیهانی دەرەوە دادەبڕێت و بۆ چەند ساتێک خۆی لەبیر دەکات، بە هەمان شێوە شیعریش ئەمر کارە دەکات.

دەقی ئەدەبی چ دەروازەیەک بێت بۆ خاڵی کردنەوەی خەمر یان هۆکارێک بێت بۆ نەهێشتنی و سووک کردنی خەمر، ئەوا ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە خەمر و ئەدەب پەیوەندی پتەویان بەیەکەوە نییە، بەڵکو هەردووکیشیان توانیویانە سوود بەیەک بگەێنن.

### 2-1 پەیوەندی دەروونناسی و سۆفیگەری:

سۆفیگەری ئەزموونێکی ڕوحی تاکە کەسییە، خۆی سەرقاڵی چاکسازی و پاکسازی دڵ و دەروون و بەرزکردنەوەیان بۆ ئاستێک دەکات ،کە بتوانێت پەیوەندی بەجیهانی باڵاوە بکات. ((سۆفیگەری پەروەردەکردنی دەروون و پاککردنەوەی دڵە لە گوناهـو تاوان و ڕووبەڕوو بوونەوەیە لەگەڵ دەروون و پاراستنیەتی لە حەز و ئارەزووەکان، ئەمەش پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بۆ چاککردنی هەڵسوکەوتی، لە ڕێگەی خۆ بەرز ڕاگرتن لە ڕاست ئارەزووەکان و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا و بردنەوەی خۆشی هەردوو دونیا)) (بلق: 2019، ص196).

دەروونناسیش وەکو لە ناوەکەیەوە دیارە: لێکۆڵینەوە لە دەروون دەکات و هەوڵی ناسینی دەروون دەدات، لە بنەڕەتدا وشەی ((سایک – psyche - لە یۆنانییەکان وەرگیراوە کە بە مانای ڕۆح دێت، - logos - بە واتای زانست دێت، واتا زانستی ڕوح یاخود لێکۆڵینەوە لە خود)) (southampton.ac.uk).

کەواتە دەروونناسی زانستێکە (گرنگی ڕاستەوخۆ بە مرۆڤ دەدات و جەخت لە لایەنی ڕوح و ڕەفتاری مرۆڤ دەکات) ( Henriques: 1822011, p) و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە لە دەروون دەکات و بە دوای ئەسڵ و سەرەنجامی ئەمانەدا دەگەڕێت. جا لەبەر ئەوەی لە ڕووی زانستییەوە لێکۆڵینەوە لەم دوولایەنە ئاڵۆز و تەم ومژاویە ،بۆیە بەشێک لە دەروونناسان بۆ باشترکردنی لێکۆڵینەوەکانیان پەنایان بردوەتە بەر عەقڵ و بەشێکیشیان هاوکات لەگەڵیدا لە کردار ڕەفتاری مرۆڤیشیان کۆڵییەوە و بەشێکی تریشیان گرنگیان بە لێکۆڵینەوە لە هەست و نەست داوە (حسین و زیدان: 1982، ص21).

ئەوەی تێبینی دەکرێت شوێن پێ و ڕێگا و کار و کەرەستەی هەردوو زانستەکەیە، کە تێکەڵ بە یەکتری دەبن، هەر لە مەسەلەی گرنگی دان بەڕوح و ناخ و دەروون و ناوەی مرۆڤەوە بگرە، تاوەکو دەگاتە ئامانجی سەرەکییان، کە زانین و ناسینی دەروونە و لەڕێگەیانەوە گرنگیدانە بە کردار و ڕەفتاری مرۆڤ.

زانایان لە پەیوەندی سۆفیگەری و دەروونناسیدا ئەوەیان خستوەتەڕوو، کە ((ئامانجی هاوبەشیان ناسینی مرۆڤە)) ( Henriques: 1822011, p)، هەردوو زانستەکەش زیاتر ((لەسەر ڕێگەی ناوەوەی مرۆڤ دەڕۆن و هەردووکیان پەیوەندییان بە لایەنی دەرەکی دەروونەوە نییە، بەڕادەی ئەوەی پەیوەندیان بە ناوەوەی ناخی مرۆڤەوە هەیە، کە لایەنێکی زۆر لە حەز و ئارەزووی مرۆڤی تێدایە)) (الحلاج: 2020). بەشێکی تریش پێیان وایە کە ((سۆفیگەری لەگەڵ ڕوانگەی دەروونناسی لە مەسەلەی ناسین و زانینی ڕاستەقینەی دەروون لەلایەک، ئازاد بوون لە کۆت و بەندو ئەو تێڕوانینە هەڵانەی ژینگە و دەوروبەری مرۆڤ دەربارەی خودی خۆی بە سەریان سەپاندووە لەلایەکی تر، یەک دەگرێتەوە)) (ibelieveinsci.com).

هەروەها لە سۆفیگەریدا گرنگیەکی زۆر بە چەمکی دەروون دراوە کە ((تێیدا بەرزترین ئامانج بەدەستهێنانی چاکسازی دەروونە)) (alhesn.net) و ((پاککردنەوە و جیهادکردن لەگەڵ دەرووندا)) (عفیفی: 2020، ص34)، چونکە لە سۆفیگەریدا ((خودناسی ئەنجامەکەی خوداناسیە ناسینی دەروونیش کلیلی دەروونناسییە)) (افراسیاب پور: 1389، ص55).

بە واتایەکی تر ئەو هەنگاوانەی زانستی سۆفیگەری بۆ ناسینی خود و دەروون داویەتی تا بگاتە مەبەست، لەلایەکی دیکەشەوە زانستی دەروونناسی نوێ گرنگی تایبەتی بە مرۆڤ و لایەنی بۆشاییە دەروونیە جۆراو جۆرەکان داوەو لە ئەنجامدا هەستیان بەوەکردوە کە جۆگەڵەی هەردوو زانستەکە تێکەڵ بەیەک دەبن و بەشێک لە کارەکانیان هاوبەشن و ئەرکی یەکتر ئاسان دەکەن، ئەمەش وایکرد بە لێکدانی ئەم دوو زانستە ڕێبازێکی نوێی زانستی بێتە ئاراوە و ناوی لێ بنرێت (دەروونناسی سۆفیگەری) یاخود (دەروونناسی سۆفی)، لەم بارەیەوە دکتۆر سەلومە دەڵێت: دەروونناسی سۆفی ((پراکتیزە کردنی ڕێنماییەکانی سۆفیگەرییە بەسەر دەروونناسی سەردەمدا، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە هەموو ئەو شکست و ئێش و ئازارو بەربەست و قسە و باسانەی کە بەسەر خۆماندا سەپاندومانە، لەڕێگەی کاریگەربوونمان بە ڕابردوو و متمانەبوونمان بە داهاتووە، هەموو ئەمانەش بەهۆکاری نەزانی و کەمی ناسینمانە بە دەروون و تواناکانمان)) (heroechopz. blogspot.com).

بە واتایەکی تر دەروونناسی سۆفیگەری هەوڵ دەدات ئەوە بەبیری تاکەکان بێنێتەوە، کە ئەوان خاوەنی زۆر لایەنی جیاوازن لە ژینگە و دەوروبەریان و کاریگەریان لەسەر دروست دەکات، بەمەش بە قووڵ بوونەوە لە ناسینی دەروونمان و گەیشتن بە بەشی جێگیر لە خۆماندا کەمتر تووشی تێکچوون و شڵەژانمان دەکات بە گۆڕانکارییەکانی ژیان و ئەوشتانەی، کە لە دەوروبەرمان دەگوزەرێن.

بۆیە لە دەروونناسی سۆفیدا ئەوەی کە بە گرنگ دادەنرێت ئەوەیە کە ڕێبواری 'سالیک' سۆفی ((ناتوانێت تەنها بە چاودێریکردنی دەروون وازبێنێ، بەڵکو پێویستە گرنگی بەناسینی دەروون بدات و لەگەڵیدا لەپەیوەندی دا بێت)) (heroechopz.blogspot.com)، ڕێگای ئەم ناسینەش لەناو زانستی سۆفیگەریدا پێویستی بەڕێ پیشاندەرێکە کە لەسۆفیگەریدا پێی دەگوترێت ڕابەر 'مورشید' یان ماموستا، بۆیە بەشێك لە زانایانی ئەم بوارە وا یدەبینن کە ((ڕابەری سۆفی پزیشکێکی دەروونیە، وەکو شیکارێکی دەروونی وایە کە

بەدواداچوون بۆ بیرکردنەوە و دەروون و حەز و ئارەزووی پەیوەست بە موریدەکەی دەکات، تاوەکو بتوانێت پرۆسەی گۆڕانکاری ڕوحی لە دەرووندا ئاسان بکات)) (ibelieveinsci.com)، لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەش دکتۆر بەشیر ئیلیاس پێی وایە: ((چارەسەری دەروونی لە بنچینەدا چارەسەرێکی سۆفیانەیە بە واتا ڕوحانیە، لەبەر ئەوەی لایەنە کپ کراوە نیشتووەکانی ناوەوەی دەروونی مرۆڤایەتی و نەستی و مرۆڤ دەردێنێ و بە دیاریان دەخات)) (الیاس: nabdsudan.com).

کەواتە لێکچوونی زۆر لە نێوان هەردوو جۆرە چارەسەریەکەدا هەیە و لە هەردوو زانستەکەدا لایەنی ڕوحانی لە مرۆڤدا بە یەکێک لە یەکە تەندروستیە دەروونیەکان دادەنرێت، کە کار دەکاتە سەر تەندروستی عەقڵ و جەستە لە کاتی نەخۆشی و لەش ساغیدا.

لێرەدا دەکرێت بە شێوەیەکی گشتی ئەو بنەمایانە ڕیزبەند بکەین، کە ڕێبازی دەروونناسی سۆفیگەری دیاری کردوون، سەرەتا بەوە دەست پێ دەکات دەبێت جگە لە چاودێریکردنی دەروون پێویستە دەروون بناسێن ،تاوەکو خۆی لە کۆت و بەندی جیهانی ماددە ڕزگار بکات، بۆ ئەمەش عاریفان دەڵێن: ((ڕێگای گەیشتن بە سۆفی بە هۆی ناسینی دەروونەوە، دەروونناسایش ئەو دەروونە ڕێک دەخات)) (heroechopz.blogspot.com) بە واتایەکی تر ((دەروونناسی سۆفیگەری مرۆڤ دەخاتە ململانێی دەروونیەوە تاوەکو بتوانێت بەسەر بەربەستەکانی بەردەم کامڵ بوونی مرۆڤدا زاڵ بێت)) (افراسیاب پور: 1389، ص60-61).

بنەمایەکی دیکەی ئەم ڕێبازە، کە بە خاڵی هاوبەشی پەیوەندی دەروونناسی و سۆفیگەری دادەنرێت ئەوەیە: کە ((هەردووکیان هەمان بابەت و ئامانجیان هەیە، ئەویش پاککردنەوەی دەروونە، ئەگەر سۆفیگەری بە دوای دۆزینەوەی ڕێگاکانی بەرزکردنەوە و بەرەوپێش بردنی دەروونەوە بێت، ئەوا دەروونناسی بەدوای خودی دەرووندا دەگەڕێت)) (heroechopz.blogspot.com).

کەواتە هەردوو زانستەکە توانیان سوود لە یەکتری وەربگرن، ڕوانین و دەروازەیەکی نوێ بەڕووی مرۆڤدا بکەنەوە، کە تاک دەتوانێت بە لێکدانی ئەم دوو زانستە بگاتە ئەنجامێکی ڕاست، چونکە لە ڕێگای ڕێبازی دەروونناسی سۆفیگەری و ئەو هەنگاوانەی بۆ گۆڕانکاری پەروەردەکردنی دەروون دەگرێتەبەر، مرۆڤ دەتوانێت بگات بە دەروونێکی ئارام، هەر کات ئەمەشی بۆ بەدیهات بێگومان دەبێتە خاوەنی عەقلێکی تەندروست و کردار و ڕەفتارێکی دروست و پەسندکراوی بێ باک لە هەموو شتێکی ماددی و بەربەستی دەستکردی مرۆڤ.

### 3-1 نەهێشتنی خەم و بەدەستهێنانی خۆشبەختی لە نێوان دەروونناسی و سۆفیگەریدا

نەهێشتنی خەم لە دەروناسی سۆفیگەریدا بە سێ بنچینە پەیوەست کراوە، کە هەریەکەیان سیستتەم ئەدگار و ڕێ وشوێنی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەوانیش: (دەروون و دڵ و ڕوح)ن، کە دەروون بە نزمترین ئاست دانراوە و دڵیش لە نێوان دەروون و ڕوحدا نێوەندگیری دەکات و ئەرکی ئەوەیە کۆنترۆڵی دەروون بکات و هەنگاوی خاوەنەکەی بەرەو ڕوح ئاراستە بکات، دواتریش ڕوحە کە بەرزترین پلەی هەیە (افراسیاب پور: 1389، ص57).

سۆفیەکان بۆ بەدەستهێنانی خۆشبەختی و نەهێشتنی خەم دەستیاندایە لێکۆڵینەوە لە (چەمکی دەروونی و بڕیاریان لەسەر ئەوەدا، کە سەرچاوەی خێر لە مرۆڤدا ڕوحەکەیەتی و سەرچاوەی شەڕیش دەروونیەتی) (alhesn.net). جا سۆفییەکان زیاتر لەو بابەتە قووڵ دەبنەوە و ڕێ وشوێنی بەرەنگاربوونەوەی ناخۆشی و خەم و ئاستەنگەکان بەوە دیار دەکەن، کە ((سۆفی نابێت لە واقیع هەڵبێت، بەڵکو دەبێت بە بەها ڕوحانیەکان خۆی چەکدار بکات، تاوەکو لە ڕووبەڕووبوونەوەی ژیانی ماددی و دەستەبەرکردنی هاوسەنگی دەرووندیا یارمەتی بدات)) (قاسم: 2006، ص39)، بێگومان ئەمەش لای سۆفیەکان بە وەرزش و تێکۆشانی ڕوحی و جەنگکردن لەگەڵ دەروون و چاکسازی کردن لە نائاگایی و ناوەوەی مرۆڤدا بە دی دێت (ar.m.wikipedia.org).

سۆفیەکان پێیان وایە ئەو هۆکارانەیکە خەم بۆ مرۆڤ دروست دەکەن و بەربەست لە بەردەم بەدەستهێنانی خۆشبەختیدا دروستدەکەن، تەنها پەیوەست نین بە هۆکارە دەرەکیەکانی وەکو ژینگە و دەوروبەر و بەربەستە دونیاییەکان، بەڵکو بەشێکی زۆری ئەوهۆکارانە پەیوەندیان بە هۆکاری ناوەکی و دەروونەوە هەیە بە تایبەت بەشی (من)، چونکە ((دەشێت (من) ڕێگر بێت لە بەدیهێنانی توانا ڕوحیەکان بۆ دڵ .... بۆیە بۆبە لە بەدیهێنانی خۆش ڕاستەقینەدا، پێویستە (من) بە هەوڵ و چالاکی بە درێژایی ژیان بکوژرێت)) (أبو رمان: 2020، ص25-26). واتا کاتێک دەروون مەرگی 'من' ڕادەگەیێنێت ڕاستەوخۆ گڵۆپی ڕوح لە تاریکی دەرووندا دادەگیرسێت و بەپێی تێپەڕبوونی کات و بەچالاکی وەرزشی ڕوحی دەروون ڕوناک دەبێتەوەو مرۆڤ ئەو پلە کەمالەی کە لەدەستی داوە دەیگێڕێتەوە. جێی باسە چارەسەرکردنی ((سیفەتی دەروونێکی کەمر و کوڕ و کرچ و کاڵ، تەنها بە خوێندنەوەی کتێبی ڕەوشت و کتێبی سۆفیگەری لاناچێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵیدا جیهاد و پاککردنەوەی دەروون بەشێوەیەکی کارەکی ئەنجام بدرێت)) (عیسی: 1412، 98). ئامانجێکی دیکەی هەنگاوی پاککردنەوەی دەروون لەلای سۆفیەکان جگە لە نەهێشتنی ترس و خەم و پەژارە، بەدەستهێنانی خۆشی ڕاستەقینەیە ((تەماحیان لەوەیە دڵێکی نەرم و بەهەست و بە بەزەیی بەرەو پێش ببەن لەسەر بنەمای ئەوەیکە خۆشبەختی لە ڕێگەی عەقڵ و

بیرکردنەوە بەدی نایێت، بەڵکو هەوڵدان بۆ خۆشبەختی لە ڕێگەی ئەزموون و سۆفیانە و بەرەو پێش بردنی توانا ڕۆحییەکانی دڵە)) (ar.m.wikipedia.org)، هەر کاتێکیش دڵ توانی کۆنترۆڵی دەروون بکات ئیتر خاوەنەکەی بەرەو بنج و سروشتی ڕاستەقینەی ڕوح هەنگاو دەنێت، کە لای سۆفیەکان ڕوح بونەوەرێکی نورانیە، ئەسڵەکەی پاکی و خاوێنی و ڕوونیە .....، بەڵام کاتێک فووی پێدا کراوە لە جەستەی مرۆڤ تێکەڵ بە دەروون بووە و سروشتە نورانیەکەی گۆڕاوە و سروشتی جەستە و دەروونی هەڵگرتووە و پاکی ڕووی سافیەکەی شێواوە، جا بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو ڕوحە پاک و ڕەسەنە پێویستی بە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دەروون و بەکارخستنی هەستەکانی دڵ هەیە تا بگاتە نوری ئیلاهی لە ڕوحدا، ئەو کاتەی ،کە توانرا ڕوح بەرزەفڕ بکرێ و لە زیندانی جەستە ئازاد بکرێت ئەو کات هەست بە هێزە ئەرێنیەکانی دەکرێت (القادري: 2022، alkadriaalalia.com). تەنانەت سۆفیەکان لە مەسەلەی خەم و بەدەستهێنانی خۆشبەختی ڕاستەقینەدا ئەوەندە بایەخ بە چەمکی ڕوح دەدەن، کە پێیان وایە ڕاستی مرۆڤ بەجەستە نیە، بەڵکو بەو ڕوحە ئاسمانیەیە، کە لەحەقەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە سۆفی هەمیشە خوازیاری گەیشتنە بەهەمان سەرچاوە، چونکە سەرچاوەی خەم و هۆکاری ناڵەی ئەو بۆ فیراق لە ڕاستیدا بەهۆی جیابوونەوەیەتی لە دولبەری ئەزەلی (افراسیاب پور: 1389، ص57)، دواتریش ئەو فیراقە دەبێتە خەمی گەورەی سۆفی.

ئەنجامی هەموو ئەمانەش ئەوەیە، کە مرۆڤ خوازیاری (دەروونێکی ئارام، ڕۆحێکی ڕوون و پاکە بۆ خاوەنەکەی و هیچ شوێنێک بۆ ترس و خەم و ناخۆشی لە دەروونی سۆفیدا نامێنێتەوە و دەبێتە کەسێکی ئارام و دان بەخۆدا گرتوو و سوپاسگوزار و پشت بەخودا بەستوو) (صوفي: 2022، sites.aub.edu.lb)، کە بوونی ئەوانەش لە مرۆڤدا دەبنە سەرچاوەی بەختەوەری و دوورکەوتنەوە لە خەم، بەمەش مرۆڤ بێباك دەبێت لە دونیاو ویستە دونیاییەکان و گەشبین دەبێت بە دونیایەکی تری پڕ لە خۆشەویستی ئیلاهی، یان وەکو یۆنگ دەڵێت: ((سەرچاوەی خۆشی بەردەوام پەیوەندی بە ئەزموونی ناوەوەی تاک هەیە یان وەکو سۆفییەکان بە ئەزموونی خوایی ناوی دەبەن)) (289Jung: 1984, p). لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەروونناسی سۆفیگەری توانی لە ڕێگەی هەر سێ چەمکی دەروون و دڵ و ڕوح گەورەترین کۆسپی بەردەم مرۆڤایەتی، کە خەم و پەژارە و لێکەوتەکانیەتی چارەسەر بکات بە ڕێگەی پەیوەستبوونی ناخی مرۆڤ بە دونیایەکی تر و دوورکەوتنەوە لە دونیاویستی و ژیانی دونیا.

## 2. ڕەنگدانەوەی چەمکی خەم لای صافی هیرانی لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە

پاڵنەر و هۆکاری زۆر هەن، کە دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤ تووشی هەڵچوونی دەروونی خەم بێت و پێوەی بتلێتەوە، زۆرجاریش ئەو خەمەی هەڵیدەگرێت بە شێوەیەکی شاراوە لەناو دەروونی کپی دەکات و دەیشارێتەوە، بەڵام جیاوازی نووسەر و شاعیران لەوەدایە کە دەتوانن خەمەکانیان بە شێوەیەکی سۆزدارانە لەنێو دەقەکاندا بمەزرێنن و لە فۆرمێکی ئەدەبی پێشکەشی بکەن.

صافی شاعیریش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە هەڵچوونی خەم باڵی تەواوی بەسەر شیعرەکانیدا کێشاوە، تەنانەت بە دەگمەن دەقە شیعرییەکی صافیت بەرچاو دەکەوێت، کە یەکێک لە دەرکەوتە و لێکەوتەکانی خەمی تیا دەرنەکەوتبێت، ئێمە لەم توێژینەوەمان هەوڵ دەدەین بە گوێرەی پێویست ئەو دیاردە و لێکەوتانەی بە هۆی خەمەوە لە بەیتە شیعرەکانی صافی دەرکەوتوون گوڵبژێر بکەین و لەژێر چەمکی دەروونی جۆراوجۆر پۆلێنیان بکەین.

### 1-2 لێکەوتە و دەرکەوتە دەروونییەکانی خەم لە دیوانی صافی دا

مەبەست لە لێکەوتەو دەرکەوتنەکانی خەم ئەو نیشانە و گۆڕانکاری و بارودۆخانەن ، کە هەڵچوونی خەم لە ڕووی دەروونی جەستەیەوە بۆ خاوەنەکەی دروستی دەکات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لە شێوازە باو و ئاساییەکەی خۆی نەمێنێ و بارێکی ناهەموار و ناخۆش و تەنگی بۆ دروست ببێت، کە هیچ توانایەکی بۆ خۆشی و کاریگەربوون بە ژیان نامێنێت و کەسێکی دەروون شکست و مات و مەلوول و بێ هیوا و بێ ئومێد دەبێت. ئەو دیاردە و کاریگەرییە دەروونیانەی کە بە هۆی خەمەوە لەلای صافی دروست بوون ئەمانەی خوارەوەن:

#### 1-1-2 بێ خەوی و نەنووستن

پەیوەندی شاعیران بە شەوەوە پەیوەندییەکی قووڵە و کاریگەرییەکی ڕوونی لەسەر هەست و سۆز و ویژدانیان هەیە، بێدەنگی شەویش لەلای صافی سەکۆیەک بووە بۆ گوزارشت کردن لەو خەم و ئازارەی دەروونی جۆشاندووە، وەکو دەڵێت:

**دوور لە باڵای تۆ بینایم کوێرە هەڵنایێ بەکەس**

**ڕۆژ و شەو بێدارە چاوم وامەزانە نوستووە** (هیرانی: 2015، ل254)

شاعیر لە بەیتە شیعرێکی تریدا ئەوەندە پێداگری لە بێخەوی و بێداری خۆی دەکات و دەڵێت، ئەگەر بینیتان چاوم داخراوە بێگومان بێ هۆشم وانەزانن نووستووم:

**یاری خوم لێ زیزە بۆیە حەز لە مەرگی ئەو دەکەم**

**شەو کە بێ هۆشم لە تاوی وا مەزانە خەو دەکەم** (هیرانی: 2015، ل202)

جاریش هەیە صافی بە شێوەی (کنایە) - گوزارشت لەو بێ خەوی و شەکەتیەی شەو دەکات و دەڵێت:

**ڕۆژ بە یادی ڕووی هەتا ئێوارە هەر هاوارمە**

**شەو لە فیکری زوڵفی تا صوبحەینێ صوحبەت لەو دەکا** (هیرانی: 2015، ل203)

لێرە تا صوبحەینێ واتا تابەیانی بێدارم و لە سەر ئەو گفتوگۆ ئەکەم.

### 2-1-2 ئاهـ وناڵەی دەروون:

ئاهـ وناڵە، گفتوگۆیەکی خەمبارانەیە لەگەڵ دەروون، کە ئاهـ و ناڵەی کەسی خەمبارە لەتاو ئێش و ئازاری ئەوخەم و خەفەت و دڵڕاوکێیەی هەیەتی، ئاهـ و ناڵە و هاوار بەرزکردنەوە بەمەبەستی هاوسۆزی و بەدەستهێنانی هەستی بەرامبەرە، تا هەست بە ئێش و ئازاری کەسی لێقەوماو بکرێت، صافی دەڵێت:

**هەتا مردن بناڵێنم لە غەم تەسکینی دڵ نایێ**

**لە دووری فیرقەتی جانان وەها مەفتون وشێواوە** (هیرانی: 2015، ل250)

یان وا دەناڵێنێ هەموو کەس لێی بێزار بووە:

**هیچ کەس نایێ بە هاوارم لە لای ئەو عالەمە**

**وا لەبەر ناڵە و فوغانی من قیامەت ڕابووە** (هیرانی: 2015، ل254)

صافی ئاماژە بەوە دەکات هەرچەندە هاوار و ناڵەی دەرببرێت، بەڵام بە هۆی غەم دڵی ئارام نابێت لێرە ئەو حاڵە دەروونییە بەرچاو دەکەوێ، کە ئەگەر مرۆڤ هەر خەم و پەژارێک بخواتەوە دەریان نەبڕێ تووشی بارێکی قورسی جەستەیی و دەروونی دەبێ و حاڵی پەرێشان و شێواو دەبێت، بەڵام ئەگەر بێتوو دەنگ و ئاهــ و ناڵەی بەرز بکاتەوە دەتوانێ هاوسەنگی دەروونی خۆی ڕابگرێت کەمێک گوشاری دەروونی سووک بکات.

### 3-1-2 هەڵکێشانی هەناسەی گەرم

هەناسەی گەرمیش گفتوگۆیەکی بێ دەنگی دەروونە ،کە تەنها بە ئاخ هەڵکێشان و دەنگی هەناسەیەکی گەرم بەبێ هیچ قسەیەک بۆت ڕوون دەبێتەوە ،کە ئەو کەسە تراژیدیایەک لە ناخی هەڵگیراوە، بە واتایەکی تر چۆن دووکەڵ لە ئاگر دەردەچێت، هەناسەی گەرمیش لە پشکۆی ناخی خەم هەڵگرەوە سەرچاوە دەگرێت و ئاماژەیە بۆ پەستانێکی زۆری دەروون خەمێکی قووڵی خەفەکراو، صافی دەڵێت:

**ئاووری عیشقت دەرونی وا سەرا سەر گرتووم**

**دوودی ئاهم وا لەسەر چەرخی بەرین بۆن سۆ دەکا** (هیرانی: 2015، ل248)

یان دەڵێت: **بلێسەی ئاوری دووریت وەها جیسمی منی سووتاند**

**بەدائیم دووکەڵی ئاهم دەچێتە عەرشی ئەعلاوە** (هیرانی: 2015، ل251)

لەم دوو بەیتەدا صافی باسی ئەو ئازارچەشتنە دەکات، کە بەهۆی خەم خواردنەوە ئاگر لە دەروونی بەربووە، لەگەڵ خۆیدا لە ململانێیەکی دەروونی سەخت دایە ئەوپەڕی هیلاک بوونی دەروون بەدیار دەخات، کە تەنانەت ناتوانێ هیچیتر پاڵە پەستۆ بکاتە سەر دەروونی و ئەم بارە دەروونییەی بشارێتەوە، بۆیە بێ ئەوەی بدوێ دەروونی خۆی دووکەڵ دەکات بە هەڵکێشانی هەناسەی گەرم گوزارشت لە حاڵی پەرێشانی دەکات، ئەم بارە دەروونیەش کەس نییە لە ئێمە ئەزموونی نەکردبێت و بە هەناسەیەکی گەرمیش لەسەر خۆمان سووک نە کردبێت.

**4-1-2** ئۆقره‌ نه‌مان و بێ ئارامی

ئه‌م باره‌ ده‌روونیه‌ بریتیه‌ له‌ تێک چوون و شڵه‌ژانی ده‌روونی که‌ به‌هۆی کاره‌سات و خه‌م و خه‌فه‌ت توانای خۆنه‌گونجان و زاڵ بوون به‌سه‌ر کۆسپ و ته‌گه‌ره‌کان دێته‌ ئاراوه‌، که‌ بارێکی ده‌روونی شڵه‌ژاو بۆ خاوه‌نه‌که‌ی دروست ده‌کات، ئارامی لێ هه‌ڵده‌گرێ، صافی ده‌ڵێت:

**ده‌خیل یاران له‌ فیرقه‌تدا نه‌ما ئارام و ته‌سکینم**

**بیرم زۆر کوله‌ چارم نییه‌ له‌و زاری یوو شینم** (هیرانی: 2015، ل213)

له‌ به‌یتێکی تردا ده‌ڵێت:

**دوور له‌ یاره‌ دڵ له‌ بۆیێ بێ ثه‌باته‌ (صافیا)**

**تاکو له‌م سه‌گه‌ مه‌رگه‌دابێ ئیختیاری وه‌ی ده‌کا** (هیرانی: 2015، ل180)

واته‌ دڵی صافی ئۆقره‌ و ئارامی لێ براوه‌ و ده‌رد و ئازار هه‌ڵده‌رێژێ له‌ دووری یار، بۆیه‌ ئه‌و دڵه‌ سوکنایی نایێت ئه‌گه‌ر به‌ دوڵبه‌ر نه‌بێت وه‌کو ده‌ڵێت:

**له‌و دڵارامه‌ بپرسن وا دڵ ئارامی نه‌ما**

**جارێکی چارێکی ده‌ردم کا ده‌خاله‌ت به‌و ده‌که‌م** (هیرانی: 2015، ل203)

له‌م به‌یته‌ شعرانه‌ی صافیدا نه‌مانی ئارامی دڵ و ده‌روون په‌یوه‌سته‌ به‌ گوشارو هۆکارو لایه‌نی هه‌ست و سۆز و عاتیفه‌، که‌ وای لێ کردووه‌ به‌ هیچ جۆرێک هه‌ست به‌حه‌سانه‌وه‌ نه‌کات و نا ئاسووده‌یی له‌ ده‌روون و جه‌سته‌یی هه‌ست پێ بکات، که‌ له‌ ڕووی ده‌روونییه‌وه‌ ئه‌م نائارامیه‌ به‌وه‌ وه‌سف کراوه‌ که‌ ((هه‌ستکردنه‌ به‌ ترسێکی زیاد له‌ پێویسته‌ له‌ شه‌ڕی ئه‌و شته‌ی وا گومان ده‌به‌ی ڕوو ده‌دا و هه‌ستکردنه‌ به‌ بێ ده‌سه‌ڵاتی له‌ ڕووبه‌ڕوو بوونه‌وه‌یدا)) (كاریل: 1980، ص10).

**5-1-2 مات و مه‌لوولی**

بارێکی ده‌روونیه‌ به‌ هۆی ڕه‌نگدانه‌وه‌ی هه‌ڵچوونه‌کانی ناخمان له‌سه‌ر ڕوخسار ده‌رده‌که‌وێت، زۆر جار بێ مه‌یلی و بێ خوڵقی و بێ ڕه‌نگیشی پێ ده‌وترێت، ئه‌وه‌ی تێبینی ده‌کرێت (ئاماژه‌کانی ده‌م و چاومان به‌بێ ئه‌وه‌ی بمانه‌وێ ،خۆی له‌گه‌ڵ باری ده‌روونی وحاڵه‌ته‌کانی هه‌ستمان ده‌گونجێنێ) (یوسف: 2021، ص10)، چه‌نده‌ هه‌ڵچوونه‌کانمان توندتر و زۆرتربن مات و مه‌لولی زیاتر له‌ڕه‌نگ و ڕوخسارمان ده‌رده‌که‌وێت، به‌ پێچه‌وانه‌شه‌وه‌ هه‌ر ڕاسته‌، جا صافی هیرانی زۆر به‌ جوانی ئاماژه‌ی به‌و بێ مه‌یلی و بێ ڕه‌نگیه‌ ده‌کات ،که‌ له‌ ئه‌نجامی خه‌م وخه‌فه‌ت وئاهی گه‌رمی ده‌روون که‌ به‌سه‌ری هاتوون وه‌کو ده‌ڵێت:

**له‌ صافی گه‌ر ده‌پرسن بۆچی وا په‌ژمووده‌یه‌ ئێستێ**

**له‌ خزمه‌ت یاری دووره‌ بۆیه‌ وا غه‌م ده‌وری لێ داوه‌** (هیرانی: 2015، ل251)

یان ده‌ڵێت:

**حاڵی (صافی) گه‌ر ده‌پرسی وا  له‌ده‌ست هیجرانی تۆ**

**مات و مه‌بهووته‌ له‌ گۆشه‌ی بێکه‌سی دانیشتووه‌** (هیرانی: 2015، ل254)

له‌ به‌یتێکی تردا صافی مات مه‌لوولی که‌ساسی خۆی ده‌رده‌خات و پێمان ده‌ڵێت چ خه‌مێکی گه‌وره‌ی هه‌یه‌:

**له‌ ئاهی گه‌رمه‌وه‌ وا لێو به‌بار و خشکه‌ ئێشتێکه‌**

**له‌ عه‌ینی چاوه‌کانی خوێن و ئاو جاری نه‌کا چبکا؟** (هیرانی: 2015، ل167)

یان و وێنه‌ی خۆیمان پێ ده‌ڵێت و که‌ به‌رده‌وام عاجز و ماته‌ و هه‌ر له‌ گه‌نجیه‌وه‌ تا پیری عاده‌تی پێوه‌ گرتووه‌:

**به‌ ڕیشی سپی به‌وه‌ یاری نه‌کردم به‌ختی ڕه‌ش جارێ**

**منیش بۆیه‌ که‌ عاده‌ت عاجزی و ڕه‌سمه‌ ناڵێنم** (هیرانی: 2015، ل157)

له‌م هه‌موو به‌یتانه‌دا وێنه‌ی صافیمان به‌ ژاکاوی و کزو و مات و مه‌لوولی و لێو وشکییه‌وه‌ دێته‌ پێش چاو، که‌ چۆن خه‌م دایگرتووه‌و  به‌ به‌رده‌وام به‌ بێ ڕه‌نگی ده‌رکه‌وتووه‌، ئه‌مه‌ش هه‌مووی ئاماژه‌یه‌ بۆ تێکچوونی باری ده‌روونی و ماندووبوونی مێشک و جه‌سته‌،که‌ به‌هۆیه‌وه‌ زۆرجار ئه‌م جۆره‌ که‌سانه‌ به‌نه‌خۆش دێنه‌ به‌رچاو، له‌ڕاستیشدا نه‌خۆشی جه‌سته‌ییان نیه‌ ،به‌ڵكو ده‌روونیان نه‌خۆش و شه‌كه‌ته‌ كاردانه‌وه‌ی به‌ سه‌ر جه‌سته‌یاندا هه‌یه‌.

**6-1-2 گلەیی کردن**

((گوزارشت کردنی مرۆڤە لە خەم و ئێش و ئازار و ئەو کێشانەی لە ژیانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕووبەڕووی دەبێتەوە)) (أختر: 2010، ص2). گلەیی کردن بە زۆری بە هۆی (بێبەشبوون و هەستکردن بە زوڵم و ستەم و نادادپەرەوەی و خیانەت و درۆ و نەخۆشی، یاخود حەسرەت خواردن بە هۆی شتێکەوەیە، کە وادەکات مرۆڤ لەتاو هەست کردن بەو بارە دەروونیە ناخۆشانەی هەیەتی گلەییەکانی خۆی بۆ کەسانی تر بکات) (ئاکرەیی: ص101).

ئەم دەستەواژانەی سەرەوە خودی خۆیان سەرچاوەن بۆ خەم و خەفەت و ناڵەو ئازار، شیعرەکانی صافی هیرانیش بێبەش نین لە دیاریدەی دەروونی گلەیی کردن، کە زۆربەی گلەییەکانی شاعیر لە بەخت و چارەنووسی خۆی دەکات و دەڵێت:

**ئەی فەلەکا خەتام نیە کینەی تۆ لەمن چییە**

**زوڵمی وا کەس نەکردییە دەرهەق بەمن لە ئینس و جان** (هیرانی: 2015، ل220)

یان گلەیی لەوە هەیە کە ئەو هەر دەیەوێت تۆی شادی بچێنێ کەچی بەختی کەچ و خراپی ئەو هەر غەم دەڕوێنێ، وەک دەڵێت:

**صافی تۆی شادی بە ئاوی چاو دەچێنێ و کەچی**

**چی بکا لەم طالیعە؟ خاشاکی غەم واشین دەکا** (هیرانی: 2015، ل166)

لە بەیتێکی تردا صافی گلەیی لەوە هەیە کە نازانێ گلەیی بۆ کێ بکات و دەڵێت:

**هیجر و فیراقی دولبەرم داویە لە سینە خەنجەرم**

**شەکوا بۆ لای کێ بەرم ڕوو لە چ لاکەم؟ الأمان** (هیرانی: 2015، ل220)

**7-1-2 بێ ئومێد بوون**

هەر کات ئەم بارە دەروونیە لەلای تاک دروست بوو، ئەوا هیچ هیوا و ئاواتێکی بۆ بەدەستهێنانی ئارەزووەکانی نابێت و زیندەگی هیچ بایەخێکی نامێنێ، هەروەها ئەوەی تووشی ئەم حاڵەتە دەروونیە دەبێت بێ هێزی و بێ تاقەتی ڕەشبینی ڕووی تێدەکات، هەموو شتێکی لەبەرچاو تاریک دەبێت، صافی دەڵێت:

**ناصیحت وەعظی صەبوری دامەدە بێ فایدەیە**

**من لە مەکتەب خانەیی غەم دەرسی عیشقم خوێندوە** (هیرانی: 2015، ل253)

لێرە صافی زۆر بێ ئومیدی پێوە دیارە و داوا دەکات کەس ئامۆژگاری دان بەخۆداگرتنی پێ نەڵێ، ئەمەش ئەوە ئەگەێنێ کە صافی تەواو بێ ئومێد بووو و  پێی وایە ئەوەی ڕێگەی عەشقی گرت ئیتر هیچ کات بۆی نیە بحەسێتەوە.

لە حاڵەتێکی بێ ئومێدی تردا صافی ڕەشبینە و هیچ هیوایەک نابینێ و دەڵێت:

**صەبری ئەیوبم لە کێ بوو عومری نوحم چۆن ئەبێ**

**پێنج و دوو ڕۆژێکم ماوە ڕووح کەچوو نایەتەوە** (هیرانی: 2015، ل255)

تەنانەت صافی وای دەبینێ ئیتر پاڕانەوە و نزای هێورکردنەوەش سوودی بۆ صافی نیە و  دەڵێت:

**صەبووریم کە دەبێ بێ دیاری بیماری لە بیماریم**

**بەبێ ئەو فائیدەی نەدا دوعای (تسکین) و ئامینم** (هیرانی: 2015، ل214)

**8-1-2 پیری:**

یەکێکی تر لەو لێکەوتانەی خەم پیریە، کە بە هۆی خەم میکانیزمی پیربوون زووتر لە سوڕی ئاسایی خۆی بەرۆکی مرۆڤ دەگرێت، کە ئەویش خۆی لە خۆیدا خەمێکی تر بۆ خاوەنەکەی دروست دەکات، وەکو صافی دەڵێت:

**لە دەستی غەم جەوانیم ڕۆیی پیری ڕووبەڕووم واهات**

**لەمەولا چۆن مودارا بێت و ئایا چۆن ئەبێ ژینم؟** (هیرانی: 2015، ل157)

لێرە سەرباری خەمەکانی صافی خەمێکی تر هەیە کە ئیتر ناتوانێت کاروباری خۆی باش بەڕێوە بات و پیری ڕووی تێکردووە.

لە بەیتە شیعرێکی تردا صافی بە هۆی پیرییەوە تەواو بێ ئومێد و بێ ئارام بووە و دەڵێت:

**هەتا ئێستا خەیاڵ وابوو کە ڕەحمم پێ دەبا جار جار**

**لەمەولا ئومێد چۆن بێت کە ڕۆیی عومری شیرینم** (هیرانی: 2015، ل213)

### 9-1-2 عەقڵ تێکچوون:

زۆرجار ئەم حاڵەتە بەبێ هۆشی و شێتبوونیش ناو دەبرێت، کە بەهۆی زۆری خەم خواردن بۆ شتێک، کە بەدەست نەیەت مرۆڤ ئەو حاڵەتەی بەسەر دێت، کە لە پێگە و کەسایەتی خۆی دایدەماڵێ و ئەوەی هەیەتی بەجێی دەهێڵێ و بە شێوازێکی تر دەژیت، وەکو صافی دەڵێت:

**گەر بڵێن (صافی) لە عیشقی لەیلەکەی کوێی جێگەیە**

**تۆ بڵێ مەجنوونە صیفەت ڕووی وا لە چۆل و هەردەوە** (هیرانی: 2015، ل258)

لە بەیتێکی تردا ئەو حاڵەتەی بێ هۆشیەی خۆی بەیان دەکات هۆشداری دەدات کە ناگات بە وەسڵی یار ئەگەر بگاتیش ئەوکات عەقڵ شێواو و بێ هۆشە ،وەك دەڵێت:

**دڵم نەفامە و عەقڵی تێکچووە و بێ هۆشم**

**هەر بە مەجنوونی دەگا پێ ی قوڕ بە عەقڵ هۆشییە** (هیرانی: 2015، ل269)

### 10-1-2 هەست بە کەمی کردن

گرێیەکی دەروونیە مرۆڤ هەست بەوە دەکات کەپایە و توانای لە کەسانی تر کەمترە، ئەمەش لەلای شاعیران زیاتر بە دوو شێوە دەردەکەوێت، یان ئەوەتا بارێکی دەروونیە لە ئەنجامی خەمی دووری دابڕان و خۆشەویستی ونەگەیشتن بە ویست و ئارەزووەکان بۆی دروست بووە، یان ئەوەتا ئەم خۆ بەکەم زانینەی بەویستی خۆیەتی لەبەر خۆشەویستی خوای گەورەیە خۆی دەخیل و زەلیلی بەر دەرگای دەکات، وەکو صافی دەڵێت:

**گەرچی لە نەقصی خۆمە بێ ئیلتفاتی یارم**

**ئەمما لە قاپی ڕەحمەت عاصی کەی دەرکراوە** (هیرانی: 2015، ل249)

لێرە شاعیر هەست بە گرێ ی کەم و کوڕی و خۆ بەکەم زانینی دەکات بەرامبەر بە خوای میهرەبان، چونکە خۆی بە کەسێکی گوناهبار و لاڕێ لە ئاین دادەنێ، بەهیوای بەزەیی و بەخشندەیە.

لە دێرە شیعرێکی تردا صافی دەڵێت:

**ئەگەر خاکی هەموو عالەم بە سەر خۆمدا بکەم هێشتا**

**لە چاوی بەختی بێ بەختم کەمە ئەی خوایە هاوار** (هیرانی: 2015، ل229)

لەم دێرە شیعرەدا هەرچەندە بێزاری خۆی دەردەبڕێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی خەمی زۆرەوە ئەم هەستەی لەلا دروست بووە کە ئەگەر خاکی هەموو دونیا بە سەر خۆیدا بکا هەر کەمە، کە ئەمەش ئەوپەڕی بێ ئومێدی و ڕەشبینی و هەستی خۆ بەکەم زانینی شاعیرە.

### 2-2 ڕەنگدانەوەی چەمکی خەم لای صافی هیرانی لە ڕوانگەی ڕێبازی دەروونناسی سۆفیگەری

لە باس و خواسەکانی پێشوو ئەوەمان ڕوونکردەوە لەو جێگایەی کە دەروونناسی نائومێد دەبێت لەچارەسەری دەروونی مرۆڤ، هەمان کات چارەسەری سۆفیگەری دەستپێدەکات، چونکە دەروونناسی نوێ دانی بەوەدا ناوە، کە باشترین چارەسەری دەروونی لەڕێگەی بیروباوەڕی مرۆڤەکانەوە دەکرێت، چونکە مرۆڤ بەبێ بڕوا ناژێت و بەدرێژایی مێژوو لەگەڵدایە. بۆیە هەمیشە ڕەگی بڕوا لە قوڵترین شوێنەکانی دەرووندا هەیە.

**یادی وەفایی کێ بکەم؟ مەیلی هەوایی کێ بکەم**

**چارە لەلایی کێ بکەم؟ غەیری خودایی موستەعان** (هیرانی: 2015، ل220)

لێرەدا شاعیر لە لوتکەی بێچارەیی و نا ئومێدیدا پەنای بردوەتەبەر پەروەرگاری، بۆئەوەی چارەسەری ئەو کێشانەی بکات کەلای مرۆڤەکان بە بێچارەیی ماونەتەوە، کە ئەمەش دوا وێستگەی دەروونناسییەو دەسپێکی گەشتی سۆفیگەرییە. لە هەنگاوی دواتردا شاعیر بە ڕوونی ڕێچکەکەی دیاردەکات بە پۆشینی چامەی سۆفیانەیە:

**ئاشی بەختم باری غەمر گەردوون دەگێڕێ بۆیە وا**

**مایەیی عومرم بەلاشە وا پەڵاسم پۆشییە** (هیرانی: 2015، ل268)

کاتێک صافی هیرانی بیر لەو تەمەنە دەکاتەوە کە بەهەدەر ڕۆیشتوە بەبێ یادی خودا و عیبادەت بۆیە هەموو ژیانی دەبێتە ئەو غەمە، شاعیر هۆکاری جامەپۆشینی سۆفیانەی دەداتە پاڵ ئەو غەمانە.

لە هەنگاوی دواتردا صافی هیرانی وەکو هەر ڕێبوارێکی ڕێگای سۆفیگەری ڕێبازێک هەڵدەبژێرێت، کە ئەویش تەریقەتی قادرییە:

**مەنواڕە وەفایێ من بنواڕە جەفایێ من**

**عالەم لە صەدایی من هەردەم لە جەزایێکە**

**ئەی شاهی لە هیرانی (مآذونی) لە گیلانی**

**(حقآ) کە سولەیمانی دەردم تۆ دەوایێکە** (هیرانی: 2015، ل308)

سەرامەدی تەریقەتی قادری شێخی گەیلانە، بۆیە شاعیر لێرەدا هەم تەریقەتەکەی دیاردەکات و هەم هۆکاری هەڵبژاردنەکەشی دەخاتەڕوو، چونکە باپیرەگەورەی صافی هیرانی' سولەیمان' یەکەم کەس بووە لەناوچەکە ئیجازەی بڵاوکردنەوەی تەریقەتی وەرگرتووە لە خودی شێخی گەیلانی. بێگومان هۆکاری دووەمی ڕووکردنە شێخی گەیلانی خەمی دونیای خراپەکارە:

**من لەدەست دەورانی (دون) و عالەمی وا بەدعەمەل**

**ڕوویی شەکواوو (تواضع) بۆ شەهی بەغدا دەکەم** (هیرانی: 2015، ل201)

لەم هەنگاوی دواتردا ئیتر صافی هیرانی بووە بە موریدێکی تەواو مانا و شێخی گەیلانی بەپیرو مامۆستای خۆی دەزانێت:

**ئوستادی و پیری تۆ هەم شاهو ئەمیری تۆ**

**موددێکە فقیری تۆ حاجەت بە سەخایێکە** (هیرانی: 2015، ل307)

هەژاری لێرەدا بە هەردوومانای هەژاری ماددی و مەعنەوی دێت، چونکە یەک لە پلە دەسپێک و گرنگەکانی سۆفیگەری هەژارییە، ئەم پلەیە سۆفی بۆ پلەی دوای خۆی ئامادە دەکات کە ئارامگرتنە.

**مەیلی من هەر مەستی و ڕەندی و شاهێد بازییە**

**والەبەر میحرابی ئەبرۆت تاعەت و تەقا دەکەم** (هیرانی: 2015، ل201)

دوا وێستگەی صافی هیرانی لەبواری سۆفیگەریدا کە شێوازی سۆفیگەری عاشقانەیە، بۆیە لە ژمارەکی زۆری دێرە شیعرەکانیدا باسی مەیی و مەستی بادەگێڕو موتریب و دەف و عود ... دەکات و لێرەدا جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لەبەر عیشقی دولبەری حەقیقییە کە تاعەت و عیبادەتی دەکەم

### 3: چۆنیەتی مەزراندنی خەمی عیرفانی لە دیوانی صافی هیرانیدا

بابەتی خەم لەو باسانەیە کە بیری زۆرێک لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە و لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیاندا بەشێوەی جۆراوجۆر مەزراندویانە. لەکۆی ئەو شاعیرانەش کە لەبارەی خەمەوە بۆچوون و وتەی بەنرخیان هەیە، صافی هیرانییە، کە لە خەیاڵی شاعیرانەیدا شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ بابەتەکە کردووە. بۆیە جۆری ڕوانگەی صافی هیرانی سەبارەت بەخەم بە بەراورد لەگەڵ ئەو شاعیرانەیکە بایەخیان بەبابەتی خەمداوە جیاوازە. هیرانی بەگشتی لە دیوانەکەیدا خەمی دابەشی پەسەندو ناپەسەند کردووە، هەندێکجاریش باس لە خەمی دیکەش دەکات کە دەرەنجامی داخراوی 'قبض'ە لە سنوری ناخیدا ناپەسەند نییە، بەڵام ڕووی بەرهەمەوە دەکرێت پەسەند یان ناپەسەند بێت کە شاعیر ئاراستەی کرانەوە 'بسط' دەکات.

ئاشکرایە سلوکی تەریقەت بە دەردو خەم و میحنەت دەستپێدەکات، نیشانەی ڕاستی ژیانی مرۆڤیش خەم و ئازارەکانیەتی و گەوهەری ڕاستەقینەی سۆفیگەریش لەوە بەدەر نییە (زرین کوب: 1398، ل163). بۆیە لەکاتی خوێندنەوەی دیوانی صافی هیرانیدا تێبینی ژمارەیەکی زۆر دێرە شیعر دەکرێت کە لەبارەی خەمەوە گوتراون، بەجۆرێک دەکرێت بوترێت ئەم بابەتە پشکی شێری بەرکەوتووە لە دیوانەکەیدا و ئەمەش وایکردووە هەندێکجار بەشاعیری خەم و ناڵە بناسرێت و خوێنەر ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بکاتەوە کە هۆکارو مەبەستی شاعیر لەم هەموو وێناو باسکردنی خەمە چییە؟ بۆیە لێرەدا هەوڵدەدرێت وەڵامی ئەو پسیارە بدرێتەوە.

صافی هیرانی یەکێکە لە پەیڕەوکارە دیارەکانی بواری سۆفیگەری عاشقانە و بە دیارترین شاعیرانی ئەو مەیدانە هەژماردەکرێت لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا. بۆ ئەم مەبەستەش جێ پێی گەورە ڕابەرانی سۆفیگەری وەکو مەولانای ڕۆمی هەڵگرتووە. وەکو (قوتابییەکانی

مەولانا دوای مردنی شایەتی ئەوەیانداوە کە چل ساڵ چیرۆکی خەم و شادییان لێی نەبیستوە، جگە خەمی هیجران و دووکەوتنەوە نەبێت) (زارع: 1390، ل282).

بەگشتی لە سۆفیگەریدا سێ جۆرە خەم هەیە: یەکەمیان خەمی گشتییە، کە بەهۆی کەموکوڕییەوەیە لە خواپەرستی، دووەمیان خەمی ئەهلی ئیرادەیە، کە پەیوەستبێ بەدڵەوە، واتە خەمباربێت لەوەی کە نەوەک وابەستە بێت بە دونیاو خەلقی دونیاوە، خەمی ئەوەی کە هێشتا نەگەیشتوەتە پەلەی کۆ و لە سەرلێشێواویدا بمێنێتەوە، سێیەمیشیان ئەوەیە کە نەوەکا لە هەڵبژاردنی ڕێگای پەروەردگاردا سەرکەوتوو نەبووەو هەروەها خەمی ئەوەی، کە نەوەکا پێچەوانەی هەڵبژاردنی خوا بێت (سجادی: 1378، ص317). کۆی ئەم خەمانەی لە دیوانی صافی هیرانیدا بەدیدەکرێت لێرەدا بەپێی توانا دەخرێنەڕوو:

**1-3 خەمی پەسەند (شادی بەخش):** بریتیە لەوجۆرە خەمانەی، کە لە کۆتاییدا دەبنە سەرچاوەی چێژو خۆشی لای ڕێبوار، چونکە ((تەنها حوزنی دوارۆژ پەسەندە، بەڵام غەمی دونیا ناپەسەندە)) (قوشەیری: 2016، ل277). خەمی پەسەند مژدەبەخشە لای سۆفی بۆیە بەنەرمی و لەسەرخۆیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. زۆرجار ئەم خەمە لە هەموو خۆشیەکانی دونیا لای سۆفی پەسەندترە و تەنانەت وەکو هەتوانی برینە بۆ ڕێبوارانی ڕێی حەق. بەڵام جاری واش هەیە ئازارەکەی ئەوەندە بەسوێیە ،کە بەناچاری دادو فیغان و ناڵەی لەگەڵدا دەبێت. لەبەر ئەوەی صافی هیرانی شارەزاییەکی تەواوی هەیە لەبارەی بابەتی خەمی سۆفیانەوە بۆیە دەستێکی باڵای هەیە لە مەزراندن و وێناکردنی خەم لە دیوانەکەیدا، لێرەدا دیارترینیان دەخرێتەڕوو:

**1-1-3 خەمی عیشقی ئیلاهی:** عەشقی ئیلاهی کۆی زایەندەی خەمە، بەجۆرێک کەسی عاشق لە دەریای خەمدا نغرۆ بێت لاری نییە، چونکە عەشقی ئیلاهی سەراپا شەوق و خۆشی ڕاستەقینەیە. ئەم جۆرە خەمە لە دیاترینی ئەو خەمانەیە کە شادی بەخشی مەعنەوین، چونکە سەختی و دژوارییەکانی ئەم جۆرە خەمە لە تایبەتمەندیەکانی تۆکمەیی و مەزراوی عیشقی ئیلاهین. لەم ڕووەوە صافی هیرانی پێی وایە خەم و ڕەنجی عیشقی ئیلاهی و ئارامگرتن لەسەری هۆکاری شادی و خۆشییە، بەشێوەیەک کە زۆرجار ئەو خەمە لەخودی شادییەکەش بەنرخترە لای شاعیر، چونکە لای ئەو خەم دڵتەنگی و داخراوی نییە بەڵکوخەمی عیشقە و غەمەکانی دیکە ڕادەماڵێت.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە: بۆچی لای سۆفییەکان عیشق هاوتای خەمە؟ لە وەڵامدا ڕای زۆرێک لە ڕابەرانی تەریقەت وایە: هەروەک چۆن بە تۆبەکردن زوهد بەدەست دێت، بە موحیبەت شەوقی دیداری دولبەر دێتە ئاراوە، بێگومان ئەم تاسەو شەوقە دڵدار لە خەمی دیداری دولبەری حەقیقی نغرۆ دەکات تاوەکو بگاتە پلەی - اشتیاق- تامەزرۆیی. لەزۆرینەی نموونەکانی ئەم بوارەدا شاعیر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە عیشقی مەجازی پەیژەی گەیشتنە عیشقی حەقیقییە:

**همچو یعقوب به دل نقش عزیزی داریم**

**ما نخواهیم دیگر یوسف کنعانی را** (هیرانی: 2015، ل393)

لێرەدا شاعیر هەوڵیداوە لە ئاوێنەی عەشقی پێغەمبەر یعقوبەوە وێنەی عیشقی خۆی پیشانبدات، واتا هەروەک چۆن یعقوب عەشقی یوسفی لە عەشقی خودادا تواندەوە، صافی هیرانیش بەهەمان شێوە بە خەڵوزی عەشقی مەجازی بڵێسەی عەشقی حەقیقی بەرزکردووەتەوە. لەنیوە دێری دووەمیشدا دوپاتی کردووەتەوە کە چیتر یوسفی ناوێ.

وەکو ئاماژەی پێکرا، گڕی عەشقی ئیلاهی سەراپای دیوانی صافی هیرانی داپۆشیوە، بۆیە لەم بارەیەوە نموونەی زۆر هەیە، بۆ نموونە لەم دێرەدا دڵی بە کێوی سینا چواندووە:

**نه موسایم ولی از جلوه‌ی عکس جمال دوست**

**سراسر آتش عشق است دل چون طور سینارا** (هیرانی: 2015، ل397)

لێرەدا شاعیر چیرۆکی موسای بە نموونە هێناوەتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخی خۆی کە عەشقی حەقیقی گڕی لە دڵی بەرداوە، واتا هەروەک چۆن خودا جیلوەی خۆی دەرخست بۆ موسا لە کێوی توور گڕی گرت لەبەر نووری خودا، دڵی صافی هیرانیش وەکو 'کێوی طور' بووە بە ڕەژوو لەوکاتەوە کە وێنەی جەماڵی دولبەری حەقیقی دەرکەوتووە. بێگومان باری خەمی ئیشقی ئیلاهی لە هەموو خەمەکانی دیکە لای شاعیر گرانترە :

**هەزاران قۆشەنی غەم بێ بەبێ سەر عەسکەری یارم**

**دڵی دێوانە هەڵنایێ ئەگەر بیکەن بەسەد پارە** (هیرانی: 2015، ل233)

کاتێک کە تیری عیشقی حەقیقی دڵی ڕێبواری سۆفیگەری دەپێکێت، ئیتر گیرۆدەی خەمی دولبەر دەبێت و خەوو خۆراکی لێ هەڵدەگیرێت، بۆیە ئەگەر دڵی شاعیر بکەنە سەدپارچەش بەقەد خەمی یار لای گران نییە.

**2-1-2 غەمی فیراق:** باوترین جۆری خەم لە سۆفیگەریدا خەمی فیراق و هیجرانی یارە، چونکە ڕوحی سۆفی لەڕۆژی دیداری ئەلەستەوە عاشقەو هاتنی بۆسەر زەوی بەهیجران لەقەڵەمداوە، هەر بۆیە بەردەوام هەست بە نامۆیی و غەریبی دەکات لەم جیهانەدا و دڵی ئاسوودە نابێت تاوەکو بە ویساڵ ودیداری یار شاد نەبێت. جێی باسە صافی هیرانی دەستێکی باڵای هەیە لە وێناکردنی ئەمجۆرە خەمە لە دیوانەکەیدا:

**ڕوح مەستە لە راحی تۆ لە نێو عالەمی ئەرواح**

**باطین لە (بلی) دایە و ظاهر لە (نعم) دا** (هیرانی: 2015، ل160)

ڕوحی شاعیر بەجیلوە و تەجەللای پەروەردگار مەستە کە لە ڕۆژی ئەلەست پێی شادبووە و بەردەوامە لەسەری و ڕوکارو ناوەڕۆکیشی پابەندە بەو پەیمانە.

صافی هیرانی بەدیدی جیاوازەوە دەڕوانێتە بابەتەکە و پێی وایە ڕێبواری ڕێی سۆفیگەری واپێویست دەکات کە ئومێدی بە ویسال لەکاتی تایبەت و نزیک نەبێت، واتا بۆ ویسال کات لەبەرچاو نەگرێت و فێری ئەوەبێت کە چۆن لەگەڵ ئەو هیجرانەدا خۆی بگونجێنێت:

**ئاوری هیجران لە سینەمدابێ کفنم بۆ چییە**

**خۆی لەبەر ئەو ناڵە ناگرێ سەنگی تابووت و مەزار** (هیرانی: 2015، ل186)

واتا شاعیر دڵنیانییە لەوەیکە دوای مردنیشی بەدیداری دولبەری حەقیقی شادبێت، بۆیە پێی وایە هەر ئەو غەمە دەیسوتێنێت و گڕ بەردەداتە کفن و گۆڕیشی. هەروەها ئەو خەمە ئەوەندە بۆ شاعیر زۆرە کە بە سووپای چواندووە:

**جەیشی هیجرانت بەجارێ موڵکی جیسمی گرتووم**

**دوودی ئاهم وا لەسەر چەرخی بەرین بۆن سۆ دەکا** (هیرانی: 2015، ل175)

وەکو دیارە صافی هیرانی زۆرجار باس لە کاردانەوەی هیجران دەکات لەسەر جەستەیدا، بەجۆرێک بۆنی دوکەڵی ئاهی گەردوونی داگرتووە. بەڵام لەو وێناکردنەدا باسی ڕوح ناکات، چونکە کاتێک مرۆڤ هەست بە گڕی فیراق دەکات کە ڕوحی توانای شکاندنی قەفەسی جەستەی هەیە. هەر بۆیەش لە سۆفیگەریدا خەمی فیراق بە خەمی پەسەند دادەنرێت کە شادی بەخشیشە، چونکە لەوکاتەیکە جەستە لەو خەمەدا دەسوتێت ڕوح ئازاد دەبێت، ئەمەش چێژی بێ کۆتاییە بۆ ڕێبواری ڕێی سۆفیگەری.

شاعیر هەندێکجار لەپاڵ خەمی فیراقدا باس لە دڵی شادیش دەکات، چونکە لە سۆفیگەری عاشقانەدا سۆفی دەزانێ لە خەمی هیجراندایە بەڵام دەشزانێت لەدڵی شاددا دولبەری حەقیقی هەیە بۆیە جارجارە داوای شادیش دەکات.

**(صافیا) دڵ مائیلی تەنهایی بێ عەیبی نییە**

**عیللەتی سەودایەتی هەر حەز لەجێی بێ غەم دەکا** (هیرانی: 2015، ل172)

واتا کاتێک دڵ تەنها بێت و دولبەری تێدا نەبێت هیچ کێشەیەکی نییە شادە یان خەمبارە چونکە هۆکاری هەردوو دۆخ دونیایی و کاتییە، بەڵام کاتێک کە عاشق دەبێت بابەتە کە جیاوازە بۆیە شاعیر دەڵێ بەهۆی سەرلێ شێواوی عیشقەوەیە کە حەز بە جێی شاد دەکات، واتا لەکاتێکدا کە خەمبارە دەبێ دڵخۆشیش بێت. هەرئەمەشە وادەکات کە خەمی سۆفیانە خەمێکی

**3-1-3 غەمی دەردی ئایین:** دیارە لای ڕێبوار مەبەست لە ئایین تەنها ئەنجامدانی واجبەکان و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکان نییە، بەڵکو خەمە بۆ ئەنجامدانی کاری چاکەو خەمە بۆ کاتی لەدەست چوو کە تێشوی سەفەری ئامادە نییە. بۆیە زۆرکات ئەو ڕێبوارەی کە دەردی ئایینی هەیە خودا دەردی دیکەی پێ نادات، صافی هیرانی دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دەردی ئایین دەرەنجامەکەی فەنای سیفاتی ڕێبوارە، واتا قۆناغی گەیشتنە بە لوتکەی کەمال. دەکرێت لەم بارەیەوە بۆچوونی صافی هیرانی لەم چەند دێرەدا بخرێتە ڕوو:

**شدم مستغرق آسیان یارب امیدم نیست جز غفران یارب**

**سوای رحمت عامت الهی ندارم چشم در احسان یارب**

**گر پاداشت در اعمال باشد سزایم آتش سوزان یارب**

**زبد کرداری خود شرمسارم مکن محرومم از دیوان یارب**

**به سویت رو چه ارم از خالت که بس بشکسته ام پیمان یارب** (هیرانی: 2015، ل401)

واتا لەناو گوناهـ و تاواندا نغرۆ بووم، جگە لە تۆ ئومێدم بەکەس نییە و جگە لە ڕەحمەتت چاوم لە چاکەی کەس نییە، چونکە ئەگەر پاداشتی کردەوەکانم وەربگرم سزاکەی دۆزەخە، بۆیە بەهۆی خراپەکانییەوە شەرمەزارەو داوا لەخودا دەکات لە دیوانی خۆی بێ بەشی نەکات. هەروەها لەشەرمان ڕووی نییە تەماشای خودا بکات، بەهۆی شکاندنی پەیمانی ئەلەستەوە. ئەم هەست کردن بە گوناح و متمانە نەبوونی بە کردەوەکانی خەسڵەتی سۆفیەکی کە گەیشتوەتە لوتکەی کەمال و تەوەکەلی تەواوی بە ڕەحم و بەزەیی خودایەو شەرم لەبەندە بوونی دەکات نەوەک شایستەی ئەو ئەمانەتداری خودا نەبێت یاخود شایستەی نازناوی جێ نشینی نەبێت کە خودا لەڕۆژی ئەلەست بە مرۆڤی بەخشیوە.

**3-2 خەمی ناپەسەند (ئازاربەخش):** ئەم جۆرە خەمە پەیوەستە بە هەواو ئارەزووەکانی نەفس و خۆشییەکانی دونیاوە، هەرکات مرۆڤ خەمەکانی لە بازنەی ئەم بابەتانەدا خولانەوە ئەوا کۆتاییەکەی ئازاربەخشی دەبێت و مرۆڤ لەڕەگ و ڕیشەی مرۆڤایەتی دووردەخاتەوە. بەگشتی خەمی ناپەسەند تایبەتە بە مرۆڤی ئاسایی و ئەو کەسانەیکە سەرقاڵی بابەتی دونیایین، چونکە خەمی ناپەسەند لە نائاگایی دەروونی مرۆڤی سۆفیدا جێی نابێتەوە و سۆفی دەریا ئاسا لەگەڵ شەپۆلدان هەرچی خاشاک هەیە لەناخی فڕێی دەداتە دەرەوە. بۆیە مەزراندنی ئەم جۆرە خەمە لای شاعیرانی سۆفی بەشێوەیەکی جیاوازە. صافی هیرانیش لەژێر کاریگەری ڕوانگەی سۆفیانەوەئەم بابەتەی خستوەتە ڕوو کە لێرەدا دیارترینیان ئەمانەن:

**3-2-1 غەمی پەیڕەوی نەفسی ئەممارە:** صافی هیرانی هەوڵی داوە بەخستنە ڕووی وێنەی ناشیرین لە نەفسی ئەممارە و دوپاتکردنەوەی ناکۆکی لەگەڵ ڕوحی بەرزی مرۆڤ وا لە خوێنەر بکات کە ویستی نەفس بەلاوە بنێت. شاعیر لە زۆر شوێندا دان بە کەموکوڕی بەندایەتی خۆیدا دەنێت و لەهەمانکاتیشدا ئومیدی بە ڕەحمەتی پەروەردگاریەتی:

**لەبەدکاری من ڕوو وەرمەگێرە ئەی شەهی خووبان**

**کە تۆ ڕوو وەربگێڕی کەس نییە گەر بێتە غەمخوارم** (هیرانی: 2015، ل195)

لێرەدا شاعیر دان بە بەدکرداری خۆیدا دەنێت و داواش لە پەروەردگاری دەکات پشت گوێی نەخات چونکە دەزانێت هیچ کەس خەمی بەندەکانی خودا ناخوات و ئاگادارییان نابێت بەئەندازەی خودا.

**زدست نفس بد فریاد پریشان گشته ام برباد**

**همی خواهم زتو امداد مدد یا ساکن البغداد**

**زعشقت پر دل از خون است سرشکم اب جیحونست**

**غم از حد بیرونست مدد یا ساکن البغداد** (هیرانی: 2015، ل476)

لێرەدا شاعیر لە ململانێی نێوان نەفس و دڵدا گیرۆدەبووە، چونکە لەکاتێکدا کە دڵی بەتیری عیشق پیکراوەو خوێنی لێ دەتکێت و چاوەکانیشی لەخەمی ئەو عیشقەدا بوون بە ڕووباری جەیحون، کەچی نەفسی بەدخوشی سەری لێ شێواندوەو پەرێشانی کردووە. بۆیە هانا دەباتە بەر شێخی گەیلان و داوای لێدەکات هاوکاری بکات.

**3-2-3 غەمی دونیاو ویستە دونیاییەکان:** لەڕاستیدا هۆکاری سەرەکی دەستەمۆبوون بەرامبەر بە نەفسی ئەممارە هەمان ئەم خەمی دونیا ویستییەیە. وێڕای ئەوەی لە زۆر جێگای قورئان و لە زۆر فەرموودەدا باس لە خراپەی دونیا پەرەستی و دڵ بە دونیا بەستن کراوە، یەکەم هەنگاوی ڕێبواری ڕێی سۆفیگەریش فڕێدانی دونیایە. صافی هیرانیش وەکو زۆرێک لە شاعیرانی سۆفی ئەم بابەتە دەخاتە ڕوو: کە نقوم بوون لەو دوو سیفەتە دەبێتە هۆی خەم و پەژارەی مرۆڤ.

**وەرە (صافی) بکە تەرکی هەوای دونیایی هیچ و پووچ**

**بە ئیخلاص ڕوو لە بەغدا کە مەڵێ بەختم نیگو سارە** (هیرانی: 2015، ل299)

ئەوەتا شاعیر بە ڕوونی هۆکاری بەدبەختی خۆی دەداتە پاڵ پەیوەست بوونی بە دونیای هیچ وپوچ، لەهەمان کاتدا ئاماژەی بە چارەسەرەکەشی کردووە کە ڕووکردنە ڕێبازی تەریقەتی عەبدولقادری گەیلانییە لە بەغداد.

صافی هیرانی لە هەندێک دێردا لەبارەی زەمینە و هۆکاری خەمی ناپەسەندەوە دواوە و ئاماژەی بەچەند هۆکارێک کردووە، کە ئەوانیش سەرنجدانە دونیاو ویستە دونیاییەکانە.

**لە ئەم ژینە گەلێ بێزار و لەم مانە پەشیمانم**

**بەبێ ڕەحمەت لە دونیاو ئاخیرەت لام وایە گومڕاهم** (هیرانی: 2015، ل211)

لێرەدا مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە سەرنجدانە دونیا و بابەتی دونیایی دەبێتەهۆی ئەوەیکە مرۆڤ خەمبارێت و هەست بە گومڕایی بکات. دواتریش صافی هیرانی لەپاڵ خەمی دونیا پەرەستیدا جۆرە خەمێکی دیکەش دەخاتە ڕوو کە پاشکۆی ئەمجۆرە خەمەیە، ئەویش خەمی شەرمەزاریەتی لە دواڕۆژ لەبەرامبەر پەروەردگاریدا. چونکە دونیاویستی وا لە مرۆڤ دەکەن لە کۆتایدا بە شەرمە زاری و تێشوی بەتاڵەوە بچێتە بارەگای پەروەردگاری:

**دفتر جرم هرکس بر کف دست روز حشر**

**عاصی عشق بار ما خود نبود کتابرا** (هیرانی: 2015، ل385)

شاعیر هەوڵیداوە بەسەرنجدانە ڕوانگە عیرفانیەکانی خۆیەوە مرۆڤەکان لە دیلی و دونیا پەرستی ڕزگار بکات و لە دونیای پڕ لە خەم و ئازارەوە بەرەو جیهانی ڕوحانی و نەمری ئاراستەیان بکات، کە گرتنەبەری ڕێگەی عیشقی ئیلاهییە. بۆیە وێڕای باسکردنی جۆرو چارەسەری خەمی سۆفیانەدا داوا دەکات لەجۆرێک خەم دووربکەونەوە کە ئەویش خەمخوارنە لە قسەو ڕەفتاری ناکەسان دەکرێت ئاماژەیەکیش بێت بۆ ڕەهایی ئەهلی عیشق لە پاداشت و سزا و دوور کەوتنەوە لە مامەڵەی ئایینی کە هەمان بە بازرگانی کردنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودایە و عیشق بە سەرچاوەی خواپەرستی دەزانێت :

**هرچه خوری بخور مخور غم ز کردەی ناکسان**

**هرچه جوی بجو مجو دوری دل نزار ما** (هیرانی: 2015، ل389)

بەگشتی خەمخواردن لە قسەو ڕەفتاری خەڵکانی ئاسایی لە ڕێبازی سۆفیگەریدا جێی نابێتەوە، چ جای خەمخواردن لە کردەوەی ناکەسان کە دەکرێ ئاماژە بێت بە کەسانێک کە دژایەتی ئەو ڕێبازەیان کردووە لە کەسانی ڕواڵەت بین و ئەهلی خواپەرستی جەستەیی خاڵی لە ڕوح کە هەمیشە ئازاری خەڵکیانداوە بەهەر شێوەیەک بێت، چونکە غەمی خەڵکی ستەملێکراو لە هەمان کاتدا خەمی سۆفیشە.

### 3-3 شێوازەکانی ڕەها بوون لە غەم لای صافی هیرانی:

صافی هیرانی لە شیعرەکانیدا بۆ ڕەهابوون لە هەرجۆرە خەمێک چەند پێشنیارێکی خستوەتە بەردیدی خوێنەر. سەبارەت بە خەمی ناپەسەند شاعیر پێشنیاری دووجۆرە ڕێگە چارە دەکات بۆ ڕزگار بوون لەم جۆرە خەمە:

**شێوازی یەکەم:** ئەوەیە کە شاعیر پێی وایە ئەو کەسەی کە دووچاری ئەم جۆرە خەمە دەبێت پێویستە بەر لوتفی خودا و پەیامبەرەکەی بکەوێت تاوەکو ڕزگاری ببێت:

**ئومێدی زۆر هەیە (صافی) نەجاتی بێ لە غەم چونکی**

**دەلیل مەولاوو ئەحمەد یاوەرو یار بازی گەیلانە** (هیرانی: 2015، ل239)

وەکو دیارە شاعیر ئومێدی بە خوداو پێغەمبەرەکەی و شێخی گەیلان هەیە کە ڕزگاری بکەن لەو خەمەی کە هەیەتی. لە چەندین شوێنێکی دیکەشدا باس لەوە دەکات بۆ ڕەها بوون لەو جۆرە خەمە پێویست بەوە دەکایت کە بچێتە ژێر سێبەری بەندەیەکی ڕاستەقینەی خودا 'کە لە سۆفیگەریدا زۆرجار بەپیر ناودەبرێت' تاوەکو ئەو لەو خەم و خەیاڵاتە ڕزگاری بکات و بەرەو ڕێگای دروست ڕێ نموویی بکات. صافی هیرانی بۆ ئەم مەبەستە هەمووجار پەنای بردووەتە بەر شێخی گەیلانی، بەڕادەیەک کە خۆی بەسەگی دەرگای دادەنێ :

**کە (صافی) کلب گیلانست ز اولاد سلیمانست**

**زعشق سینه بریانست مدد یا ساکن البغداد** (هیرانی: 2015، ل99)

لێرەدا وێڕای شکاندنی نەفس و خۆ بەکەمزانین کە پلەیەکی بەرزی سۆفیانەیە، ڕێبازی تەریقەتی صافی هیرانیش بەدەردەکەوێت کە ڕێبواری ڕێی سۆفیگەری عاشقانەیە و سەر بە ڕێبازی قادرییە و خۆی بە موریدی شێخ عەبدولقادر گەیلانی دەزانێت، بەجۆرێک ڕێژەی

سەرسامبوونی دەگاتە ئەو ئاستەیکە خۆی بە سەگی مورادەکەی بزانێت و داوای لێدەکات بەهانایەوە بێت. نەک هەرخۆی بەڵکو شاعیر پێی وایە پێویستە هەموو قوتب و عاریف و سۆفییانیش پێویستە لە دەرگای گەیلانی دابن:

**محتاج دهر غوثند اقطاب دهر (صافی)**

**خوان سخای عشق است درگاه باز الاشهب** (هیرانی: 2015، ل99)

ئاشکرایە ئەم ڕوانگەیە ڕەنگدانەوەی بۆچونە سۆفیانەکەیە لەسەر شاعیر، چونکە سەرجەم پەیڕەوکارانی ڕێبازی قادری لەو بڕوایەدان کە پێی شێخی گەیلانی لەسەر شانی سەرجەم پیاوانی پلەو مەقام بەرزی ئەو ڕێبازەیە و هیچ لە ئاست و پلەی ئەودا نەبووە و نشبێت.

**شێوازی دووەم:** شێوازێکی دیکەی چارەسەری خەمی ناپەسەند لای صافی هیرانی گریان وناڵەیە، کە بە یەکێک لە خەسڵەتەکانی سۆفیگەری عاشقانە لەقەڵەم دەدرێت، چونکە لە سۆفیگەریدا گریان وزاری دەبێتەهۆی ڕەواندنەوەی خەم و بەڵا بۆیە پێیان وایە خودا هەرکات بیەوێت یارمەتی بەندەیەکی بدات وایلێدەکات مەیلی گریانی هەبێت. هەربۆیە ئەم بابەتە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە دیوانی شاعیردا بەرچاو دەکەوێت، لەوانەش:

**لە عەشقت دووچاوم هەموو دەم بە گریان**

**لە تاووت هەناووم هەموو بوویتە بریان** (هیرانی: 2015، ل286)

سووتان و گریان دوو زاراوەی تایبەتن بە سۆفیگەری بەگشتی و سۆفیگەری عاشقنە بەتایبەت. بەردەوامبوون لە گریان بووەتەهۆی ئەوەیکە چاوەکانی جۆگەلە دروست بکەن:

**جۆییاری چاوەکانم ڕووی زەمیینی گرتووە**

**بۆیە صەحرای سینەکەم سەبزەی غەمی شین کردووە** (هیرانی: 2015، ل252)

لێرەدا شاعیر بەهۆی بەردەوامی لە گریان تونیویەتی بەسەر ئاستەنگەکانی نەفس و خەمە دونیاییەکاندا زاڵ بێت، بەمەش بیابانی ناخی تێر ئاو بووە و سەوزایی خەمی لێ ڕواوە، کەئەمەش ئاماژەیە بە خەمی عیشقی حەقیقی کە خەمێکی شادی بەخشە بۆ ڕێبوارانی ڕێی سۆفیگەری. دواتریش شاعیر دادو فیغانی لێ بەرز بێتەوە وەکو دەرەنجامی ئەو عیشقە. چونکە لە سۆفیگەریدا (بەڵگە لەسەر حوزنی کەسێک ناڵەو نرکەی زۆری ئەو کەسەیە) (قوشەیری: 2016، ل276).

**بلبل شیدا بگو (صافی) زما اموز عشق**

**نه بهر صبحی فغان دارد گلستانم کجا؟** (هیرانی: ل388)

دەرکەوتەی خەمی عیشقی حەقیقی وای لە شاعیر کردووە خۆی بە مامۆستای بولبوول بزانێت لە بواری ناڵەو فیغاندا. واتا بولبوول لە صافی وانەی فیغانی وەرگرتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم هەموو بەیانییەک لە گوڵستاندا نییە بۆیە دەنگی نابیسرێت.

**لەمناڵیوە طەوقی بەندەگی تۆم هەر لە ئەستۆیە**

**وەکو قومری دەناڵێنم، عەزیزان دولبەرم کانی** (هیرانی: 2015، ل119)

لێرەدا لەبری بوولبوول قومری کردوەتە ڕێبەری دەروونی خۆی بۆ دربڕینی خەمەکانی فیراقی دولبەری حەقیقی. ئەمەش ئاکاری بەندەگییەکی بێ خەوشە کە لەمناڵییەوە پێی ئاشنا بووە.

لە پاڵ چارەسەری خەمی ناپەسەنددا صافی هیرانی پێشنیازی سێ شێوازو چارەسەر دەکات بۆ ڕەهابوون لە خەمی پەسەند:

یەکەمیان: 'ویسال'ە وەکو چارەسەری فیراقی یار کە گەورەترین خەمە لە سۆفیگەری ولەهەمانکاتیش لای صافی هیرانی.

هەرچەندە ئەم چارەسەرە ئەستەمە بەڵام شاعیر بەو ئومێدەوە ژیاوە و لەزۆر دێرە شیعردا ئاماژەی پێ کراوە:

**ئەی ڕەفیقان عیللەتی دووریمە دەستم لێ مەدەن**

**قەت شیفای نایێ برینم تا نەگاتە دەستی یار** (هیرانی: 2015، ل186)

واتا دیداری یار خاڵی کۆتایی هەموو ئێش و غەم و ناخۆشیەکانی شاعیرە.

دووەمیان: و باوترینیان پەنابردنەبەر شەراب و بادەی عیرفانی و موتریب و نای و دەف و بەزمی مەیخانەو ساقییە. چونکە لای سۆفییەکانی ڕێبازی عاشقانە پەنابردنە بەر مەیی و مەستی گونجاوترین ڕێگایە بۆ کەمکردنەوەی خەمی فیراق و ئازاری سووتانی ناخیانە و دیارترین خەسڵەتی ئەو ڕێبازەیە:

**ساقیا می ده دلم ارام نیست**

**مرغ وحشی تا ننوشد رام نیست** (هیرانی: 2015، ل425)

داوا لەساقی دەکات مەی پێشکەش بکات بۆئەوەی دڵی ئارامبێتەوە لەسینەیدا، ئەگینا باڵندەی کێوی دڵ لەسینەدا ئارام ناگرێت. لێرەدا صافی هیرانی باس لە مەی و مەستیی مەعنەوی دەکات بەمەبەستی خاوکردنەوەی ڕوحی لەو هەڵچون و بێ ئۆقرەییە. واتا ڕوح مەیلی دەرباز بوون دەکات لەقەفەسی سینەدا بۆئەوەی لەشەقەی باڵ بدات بەرەو مەنزڵگای ئەزەلی خۆی. سۆفی پێویستە بەردەوامبێت لەسەر هێورکردنەوەی ناخی خۆی لەو هەموو 'قبض' گرتن و 'بسط' کرانەوەو خەمی عیشقە، مەی و مەی نۆشیەک کە خاڵی بکاتەوە لە دەغدەغە و ماجەرا هزریەکان کە بەربەستە لەبەردەم بەرزەفڕبوونی دڵ. گەڕانەوەیە بۆ سووکی باری جەستە و دنیا. چونکە تەنیا دڵ دەتوانێت (مشاهده) بکات و بە (استدلال) ناتوانرێت بەو زانستە کەم و سنووردارە ئەسپی مەعنەوی لەم جیهانەدا تاو بدات. بۆیە بەردەوام هانا دەباتە بەر ساقی مەعنەوی:

**ساقیا برخیز و بازم ده شراب ناب را**

**تا چ ارد برسرم غمهای مهتابرا** (هیرانی: 2015، ل386)

واتا ساقی دیسانەوە هەستە و شەرابی ناپابم پێشکەش بکە تاوەکو بێ ئاگابم لەوەی خەمی عیشق چیم بەسەر دەهێنێت. لێرەدا شاعیر مەجازی حاڵ و شوێنی بەکارهێناوە کاتێک کە باسی ڕوناکی دەکات وەکو ڕوناکی دوای ئەوەش خواستنی ئاشکرایە کە خەمی مەعشوقە. دەکرێت بوترێت لەدیوانی صافی هیرانیدا زۆرجار لەپاڵ زاراوەی خەمدا زاراوەی ساقی ومەی بەدیدەکرێت وەکو لابەری ئەو خەمە:

**باساقی ڕوو لەمەی کا بێ دەفعی ئەو غەمەی کا**

**جمشیدی جام و کەی کا کێ دای نەمانی مانی؟** (هیرانی: 2015، ل117)

جامی جەمشید یان جامی جیهان¬بین، ئەو جامە پڕ لە نهێنی و شاراوەیەیە کە جەمشید بەهۆیەوە بارودۆخی جیهان و گەردونی دەبینی. ئەم جامە دواتر بە کەیخوسرەو گەیشت و کەیخوسرەو بارودۆخی بیژەنی لە جامەوە دەبینی. لە ئەدەبی عیرفانی مەبەست لە جامی جیهان بین و جامی مەی (دڵ)ی عارف و پیاوچاکانە. کەلەو جامەوە هەواڵی نەمانی 'مانی'ی وێنەکێشی پێ دەگات.

لە بواری مەیی و مەستیدا صافی هیرانی لە زۆر جێگادا ئاسەواری بۆ چوونی 'ڕابیعەی عەدەوی' لەسەرە کە بەدامەزرێنەری ڕێبازی سۆفیگەری عاشقانە لەقەڵەم دەدرێت. چونکە ئەم ئافرەتە سۆفییە مەزنە دروشمی ئەوە بووە کە خودای ناوێت بۆ مەبەستی پاراستنی لە ئاگر یاخود بۆ بەرژەوەندی چوونە بەهەشتەوە، بەڵکو خودای خۆشویستووە تەنها لەبەر ئەوەی شایستەی خۆشەویستی و پەرەستنە، هەروەها بەهەشت بۆئەو شوێنی ویسالە چونکە خودا لە ڕۆژانی هەینیدا خۆی پیشانی بەندەکانی دەدات، بۆیە بەهەشتی لا پەسەند بووە، ئەگینا باکی بە خۆشییەکانی بەهەشت نەبووە. صافی هیرانیش لە زۆر جێگادا ئاماژە بەوە دەکات کە لە دوو جیهاندا هیچی دیکەی ناوێت جگە لە دیداری ساقی، کە هێمای دولبەری حەقیقییە:

**نه زهدم باعث جنت نه فسقم موجب نارست**

**که بی دیدار ساقی جنتم دوزخ بود زیرا**

**نخاهم در جهان مال و نه بهر آخرت اعمال**

**بجز دست من و دامان ساقی روز واویلا** (هیرانی: 2015، ل392)

واتا شاعیر پێی وایە نە زوهدی هۆکاری چوونە بەهەشتە و نە خراپەکاریەکانیشی هۆکاری چونە دۆزەخە، بەبێ دیداری ساقی بەهەشت دۆزەخە بۆی. بۆیە دوپاتی دەکاتەوە کە نە لەم جیهانەدا پێویستی بە ماڵ و سامانە نە لە جیهانەکەی دیکەدا پێویستی بە دەفتەری کردەوەکانیەتی، جگە لە ویسال و دەستەو دامێنبوونی ساقی لە ڕۆژی حەشردا.

سێیەم: چارەسەری خەمی پەسەند لای صافی هیرانی ئارامگرتنە لەسەر دەرکەوتەکانی ئەو خەمە، بۆیە داوا دەکا:

**هرچی بری ببر مبر صبرو شکیب از دلم**

**هرچی بری ببر مبر میل دل خمار ما** (هیرانی: 2015، ل389)

واتا هەرچیەکت دەوێ ببە تەنها سەبرو ئارامگرتنم لێ مەبە، چونکە دەزانێت ئارامگرتن ئامرازێکی گرنگی بەرگرییە بەرامبەر بە سووپای خەم. هۆکاری بەرگەگرتنی سەختی وخەمی عیشق ئەوەیە کە خەڵاتێکە لە مەعشوقەوە بۆ عاشق.

## ئەنجامەکان

1. صافی هیرانی بە شاعیری خەم دەناسرێت، چونکە ژمارەیەکی زۆری شیعرەکانی تایبەت کردووە بە خەم و جۆرەکانی.

2. هۆکاری مەزراندنی ئەو ڕێژە زۆرەی خەم دەگەڕێتەوە بۆئەوەی شاعیر سۆفییەکی سەر بە ڕێبازی عاشقانەیە و فیراقی یار ' خودا' هۆکاری ئازار و خەمەکانیەتی.

3. ڕێبازی دەروونناسی سۆفیگەری لەسەر شیعرەکانی صافی هیرانی بە تەواوی پراکتیزە دەبێت لەبەرئەوەی شاعیر زۆر بە سەرکەوتووانە لە گرفت و کێشە دەروونییەکان هەنگاو بەرەو چارەسەری سۆفییانە دەبات.

4. خەمی سۆفیگەری لای صافی هیرانی سەرەتا بە شێوازی زوهد دەستپێدەکات، دواتر پشت لەم شێوازە دەکات و دواتر خەمی سۆفیگەری عاشقانە هەڵدەبژێرێت، کە ئەم خەمە تەنها بۆ دیداری خودایە، واتە نە خەمە لە ترسی دۆزەخ و نەش خەمی نەچوونە بەهەشتە.

5. ڕوانگەی دەروونناسیی عیرفانی زۆر فراوانترە لەو ڕوانگەیەی کە دەروونناسی بۆ مرۆڤ هەیەتی، چونکە دەروونناسی مامەڵە لەگەڵ هەستەکان دەکات، بەڵام سۆفیگەری سەودا لەگەڵ ڕوح دەکات.

6. لە تەریقەتدا خەمی بەندە بە لەدەستدانی کەمالات و هۆکاری پێشەکی کەمالە، بەڵام لە عیرفاندا حوزن یەکێک لە نیشانەکانی ئەهلی مەعریفە. لای صافی هیرانی هەردوو حاڵەت بەدیدەکرێت.

7. دەروونناسی سۆفیگەری توانی لە ڕێگەی هەر سێ چەمکی دەروون و دڵ و ڕوح گەورەترین کۆسپی بەردەم مرۆڤایەتی، کە خەم و پەژارە و لێکەوتەکانیەتی چارەسەر بکات بە ڕێگەی پەیوەستبوونی ناخی مرۆڤ بە دونیایەکی تر و دوورکەوتنەوە لە دونیاویستی و ژیانی دونیا.

## سەرچاوەکان:


### أ- سەرچاوە کوردییەکان:

- قوشەیری، ئیمام عەبدولکەریم، ریسالەی قوشەیری 'لە زانستی تەصەوفدا'، وەرگێرانی: مامۆستا عەبدالکریم فتاح، چاپی یەکەم، نوری حەقیقەت، 2016.
- محەمەد، تەنیا ئەسعەد، دیاردەی غەم لە شیعری حەسیب قەرەداغی دا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، 2012.
- هیرانی، محمد مەلا مستەفای، دیوانی صافی هیرانی، کتێبخانەی مەحوی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی لبنان، چاپی دووەم، هەولێر، 2015.

### ب- سەرچاوە عەرەبییەکان:

- أختر، یاسمین، الشكوى في الشعر العربي، رسالة دكتوراه، الجامعة الإسلامية بإسلام آباد، كلية اللغة العربية، 2010.
- أمین، إحسان برهان الدین، قصیدة (رسالة في لیلة التنفید) لهاشم الرفاعي، دراسة نقدیة، مجلة زانكو للعلوم الانسانیة، مجلد 27، ع5، 2023.
- إبن منظور، محمد بن حسن الأسنوى، حیاة القلوب في كیفیة الوصول الى المحبوب، 1 ـ 2، قاهرة، 1310هـ .
- العیسوي، عبدالرحمن، الأضطرابات النفسیة، الدار الجامعة، مصر، 2006. دراسة نقدیة، مجلة زانكو للعلوم الأنسانیة، مجلد 27، ع5، 2023.
- ئاكرەیی، أحمد عبدالرحمن، الحزن في شعر الأموي، رسالة ماجستیر، جامعة صلاح الدین، كلیة التربیة، قسم اللغة العربیة، أربیل، 2001.
- عفیفي، أبو العلا، التصوف الثورة الروحیة في الإسلام، مؤسسة هنداوي، 2020.
- بلق، د. عفاف مصباح، التصوف الأسلامي (مفهومه - نشأته - وتطوره - مصادره)، كلیة الشریعة والقانون، العجلات - جامعة الزاویة، مجلة كلیة التربیة، العدد 14، یونیو 2019.
- تریعة، أشواق، تجلیات الحزن في شعر أسامة بن منقذ، رسالة دكتوراه، كلیة الآداب، قسم اللغة العربیة، جزائر، 2019.
- جرجانی، على بن محمد، التعریفات، قاهرة 1991/1411.
- زیدان و حسین، منصور و محمد مصطفى، الطفل المراهق، القاهرة، مكتبة النهضة المصریة، الطبعة الأولى، 1982.
- عبدالقادر عیسى، حقائق عن التصوف - جامع الكتب الأسلامیة، المجلد (1)، سنة 1412هـ .
- فرحان، بان حمید (د.)، الأثر النفسي والإبداع الشعري عند النقاد العرب، جامعة بغداد، كلیة التربیة للبنات، مجلة كلیة تربیة الأساسیة، العدد 74، 2012.
- قاسم، سهیر محمد یوسف، الطرق الصوفیة وتراثها في فلسطین (الخلوتیة، والنقشبندیة، والعلاویة)، رسالة ماجستیر، جامعة بیرزیت، 2006.
- كاریل، ألیكس، الأنسان ذلك المجهول، ت: شفیق أسعد فرید، مؤسسة المعارف، ط3، بیروت، 1980.
- محمد أبو رمان، أسرار الطریق الصوفي، مؤسسة فردریش ایبریت، عمان، الاردن، 2020.
- محمود عبدالعزیز یوسف، القلق النفسي أنواعه، أسبابه، وعلاجه، مكتبة النور، مؤسسة اعرف دینك للعلوم الشرعیة، 2021.

### ج- سەرچاوە فارسییەکان:

- افراسیاب پور، دکتر علی اکبر، روانشناسی و عرفان، تهران، خرم شهر، 1389.
- زرین کوب، عبدالحسین، سر نی، انتشارات علمي، تهران، 1398، ل163.
- سجادی، دکتر سید جعفر، فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی، چاپ چهارم، تهران، طهوری، 1378.

- هدى كمپانى زارع، مولانا و مسائل وجودى انسان، نگسه معاصر، نگاه معاصر، تهران، 1390.

**د- سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

- C. G. Jung, Speaking: interviews and Encounters, ed. William Mguire R. F. C. Hall Princeton: Princeton university & press, 1977.
- C. G. Jung, Seminar on Dream Analysis, Princeton University press, 1984, p. 289.
- Gregg Henriques, A New Unified Theory of Psychology, Springer Science + Business Media, LLC 2011, p.182

**ماڵپەڕەکان:**

**أ- ماڵپەڕە عەرەبییەکان:**

- الياس، بشير، التصوف من منظار (علم النفس) وعلاقتهما القوية، أوراق النفسية/ نبض السودان. https://nabdsudan.com/archives/30665
- التصوف وعلم النفس، https://heroechopz.blogspot.com/20/7/03/blog-post.html/m=1
- الحلاج، خالد، العلاقة بين فرويد التصوف الإسلامي، 4 يونيو 2020 – طواسين للتصوف والإسلاميات، tawaseen.com
- القادري، الشيخ، حقيقة السلوك الروحي عند الصوفية، 2022/6/11 – https://www.alkadriaalalia.com/play.php?catsmktba=18
- علم التصوف، https://ar.m.wikipedia.org/wiki/%08%
- علم النفس التصوف، ويكيبيديا، ar.m.wikipedia.org
- علم النفس الصوفي - أنا أصدق العلم، 8 أغسطس 2020، ibelieveinsci.com
- صوفي، عمر، طمأنينة النفس، طريق المتصوفين إلى الله، أبريل 2022، https://sites.aub.edu.lb/outlook/04/04/2022/ طمأنينة-النفس-طريق-المتصوفين-الى-الله
- مفهوم الذات الإنسانية عند الصوفية، https://www.alhesn.net/play/11796

**ب- ماڵپەڕە ئینگلیزییەکان:**

- What is psychology, from http://www.southampton.ac.uk/~harnad/ Hypermail/Thinking.Psychologically98 /0012.html.
- Sadness American Psychological association, https://dictionery.apa.org.

**مفهوم الحزن بين علم النفس والصوفية، قصائد صافي الهيراني أنموذجا**

**سازان جوهر حمەغريب**
قسم اللغة الكوردية، كلية اللغات، جامعة صلاح الدين-أربيل،
أربيل، أقليم كوردستان، العراق
sazan.hamaghareb@su.edu.krd

**سمية نجيب خليل**
قسم الهندسة الكيميائية والبتروكيماوية، كلية الهندسة،
جامعة صلاح الدين-أربيل، أربيل، أقليم كوردستان، العراق
Sumaya.khalil@su.edu.krd

**الملخص**

يرتبط الأدب بشكل عام والشعر بشكل خاص ارتباطا وثيقا بالنفس البشري، ومن المعروف أن الحزن، كظاهرة إنسانية متجذرة في اعماق الإنسان، يحفز على ولادة النصوص الشعرية، وقد تم تفسيره بطرق مختلفة عبر التاريخ.

يحاول هذا البحث تسليط الضوء على الفروق بين مفهوم الحزن من حيث النظرة العالمية والتجربة الشخصية لـ'صافي الهيراني' استنادا إلى علم النفس والصوفية على حد سواء، لأن الحزن عندما يرتبط بالعالم يكون الأمر مختلفا، حيث أنه يحتوي على كل ألوان و روائح الأحزان الأخرى. وهذا ما يفسر كون كتاب صافي الهيراني برمته ظاهرة حزن وألم.

تتكون هذه الدراسة من ثلاثة محاور؛ يتناول المبحث الأول بإيجاز مفهوم الحزن وتعريفه من وجهة نظر علماء النفس وكبار المتصوفة والصوفية، ثم العلاقة بين علم النفس والصوفية. أما المبحث الثاني فيحاول أن يعكس مفهوم الحزن من الناحية النفسية في ديوان صافي الهيراني. أما المبحث الأخير فيعرض انعكاس مفهوم الحزن في أشعاره الصوفية. وأخيرا تم عرض أهم نتائج الدراسة.

**الكلمات المفتاحية:** الحزن، صافي الهيراني، علم النفس، التصوف.

**The Concept of Sadness between Psychology and Sufism,**
**Safi Hirani's Poems as An Example**

**Sazan Jawhar Hama Ghareb**
Department of Kurdish Language, College of Language Salahaddin University-Erbil Erbil, Kurdistan Region, Iraq
sazan.hamaghareb@su.edu.krd

**Sumaya Najeeb Khalil**
Department of Chemical and petrochemical engineering, College of Engineering, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
sumaya.khalil@su.edu.krd

**Abstract**

Literature in general and poetry in particular are closely related to the human psyche. It is known that sadness, as a human phenomenon rooted deep within the human being, stimulates the birth of poetic texts, and it has been interpreted in different ways throughout history.

This research attempts to shed light on the differences between the concept of sadness in terms of the world view and the personal experience of Safi Al-Hirani, based on both psychology and Sufism, because when sadness is related to the world, the matter is different. As it contains all the sorrows of other colors and scents. This explains why Safi Al-Hirani's entire book is a phenomenon of sadness and pain.

This study consists of three sections: The first section briefly deals with the concept of sadness and its definition from the point of view of psychologists and major mystics and Sufis, then the relationship between psychology and Sufism. The second section attempts to reflect the concept of sadness from a psychological perspective in the collections of Safi Al-Hirani. The last section presents the reflection of the concept of sadness in his Sufi poetry. Finally, the most important results of the study were presented.

**Keywords:** sadness, Safi Al-Hirani, psychology, Sufism.